# المراحل الأولية لتأسيس دةولة إسرائيل: الهجرة اليهودية (١٩٠٣-١٩١٤) الى فلسطين وشراء الأراضي (نموذجا)

م.م.كارزان شفيق نحم

Karzan1980.shareef@gmail.com

قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة كوية، إقليم كوردستان- العرق

أ.د.هيوا حميد شريف

hewa.hameed@koyauniversity.org

قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة كوية، إقليم كوردستان- العرق

**الكلمات المفتاحية**: يشوع، اليهود، كيشينيف، انقلاب ستوليبين، سرساك

**كيفية اقتباس البحث**

نحم , كارزان شفيق , هيوا حميد شريف , المراحل الأولية لتأسيس دةولة إسرائيل: الهجرة اليهودية (١٩٠٣–١٩١٤) الى فلسطين وشراء الأراضي (نموذجا),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Early Stages of the Establishment of the State of Israel: Jewish Immigration (1903-1914) to Palestine and Land Purchases (A Case (Study

**Karzan Shafeeq Najm**
Karzan1980.shareef@gmail.com
**Assistant Lecturer, Department of History, College of Education, Koya University, Kurdistan Region – Iraq**

**Dr. Hiwa Ahmed Sharif**
**Professor, Department of History, College of Education, Koya University, Kurdistan Region - Iraq**
hewa.hameed@koyauniversity.org

**Keywords** : Joshua, the Jews, Kishinev, Stolypin's coup, Sarsak

**How To Cite This Article**
Najm , Karzan Shafeeq ,Hiwa Ahmed Sharif , The Early Stages of the Establishment of the State of Israel: Jewish Immigration (1903-1914) to Palestine and Land Purchases (A Case Study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This research meticulously examines one of the most sensitive and influential phases in the modern history of the Jewish people and the Zionist movement, which served as the preliminary step toward the establishment of the State of Israel in Palestine: the Second Aliyah (1903–1914). This wave was not merely a relocation of Jews from one region to another; rather, it is considered a strategic turning point and an infrastructural foundation that solidified the pillars of a "Jewish State" on the land. The study begins by analyzing the external factors that emerged from the heart of the Tsarist Russian Empire, including the escalation of anti-Semitic waves, the Kishinev Pogrom in Ukraine (1903), the failure

of the 1905 Revolution, and the political consequences of the June 1907 coup (often known as the Stolypin Coup). These events acted as primary catalysts for the mass migration of Jews, particularly the youth, toward Palestine. The central theme of this research is dedicated to analyzing the motivations behind Jewish migration and the pivotal role of the Zionist movement in directing this wave toward Palestine. Furthermore, the study tracks land acquisition processes, specifically agricultural lands, aimed at establishing a robust agricultural infrastructure. Finally, the research concludes that the Second Aliyah was not merely a humanitarian migration, but an organized and purposeful process led by the Zionist movement to end Jewish displacement globally. In this context, the Zionist movement succeeded in transforming the Zionist project—centered on the return to the "Promised Land"—from individual efforts into a powerful, organized economic, political, and social project. This transformation paved the way for the declaration of the state in subsequent stages.

الملخص

سلط هذه الدراسة الضوء بدقة على واحدة من أكثر المراحل حساسية وتأثيراً في التاريخ المعاصر للشعب اليهودي والحركة الصهيونية، والتي مثّلت الخطوات التمهيدية لتأسيس دولة إسرائيل في فلسطين، ألا وهي (الهجرة اليهودية الثانية) خلال الفترة (١٩٠٣-١٩١٤). لم تكن هذه الموجة مجرد انتقال لليهود من منطقة إلى أخرى فحسب، بل تُعتبر منعطفاً استراتيجياً وبنية تحتية رسخت أسس (الدولة اليهودية) على الأرض.ستهل الدراسة بتحليل العوامل الخارجية التي انطلقت من قلب الإمبراطورية الروسية القيصرية، ومنها تصاعد موجات العداء للسامية، ومذبحة (كيشينيف) في أوكرانيا عام ١٩٠٣، وفشل ثورة ١٩٠٥ في روسيا، بالإضافة إلى النتائج السياسية لانقلاب حزيران ١٩٠٧ المعروف أحياناً بانقلاب (ستوليبين - Stolypin)؛ حيث لعبت هذه الأحداث دور المحرك الرئيسي للهجرة الجماعية لليهود نحو فلسطين، ولاسيما فئة الشباب منهم. يتكرس المحور الأساسي لهذه الدراسة لتحليل الدوافع التي حركت الهجرة اليهودية، ودور الحركة الصهيونية في توجيه هذه الموجة نحو فلسطين. كما تتتبع الدراسة عمليات شراء الأراضي، وبالأخص الأراضي الزراعية، بغرض تأسيس بنية تحتية زراعية متينة. وفي الختام، تخلص الدراسة إلى أن الهجرة اليهودية الثانية لم تكن مجرد انتقال بشري عابر، بل كانت عملية منظمة وهادفة من قبل الحركة الصهيونية لإنهاء شتات اليهود في العالم. ومن هذا المنطلق، يمكن القول إن الحركة الصهيونية تمكنت من تحويل المشروع الصهيوني المتمثل في "العودة إلى أرض الميعاد" (كما يصفونها) من مجرد مساعٍ فردية إلى مشروع (اقتصادي، سياسي، واجتماعي) منظم وقوي، مما مهد الطريق لإعلان الدولة في المراحل اللاحقة.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

# قۆناغە بەراییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل: کۆچی جووەکان (١٩٠٣- ١٩١٤) بۆ فەلەستین وکڕینی زەوی (وەک نمونە).

م.م.کارزان شفیق نحم

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Karzan1980.shareef@gmail.com

ب.د. هیوا حمید شریف

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

hewa.hameed@koyauniversity.org

## پۆختە

ئەم توێژینەوەیە بە وردی تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە هەستیارترین و کاریگەرترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی جوو و بزووتنەوەی سەهیۆن کە هەنگاوی بەرایی بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، کە ئەویش (کۆچی دووەمی جووەکانە) لە ساڵی (١٩٠٣- ١٩١٤)، ئەم شەپۆلە تەنیا گۆاستنەوەی جووەکان نەبوو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بەڵکو وەک وەرچەرخانێکی ستراتیژی و ژێرخانێک دادەنرێت کە بناغەی (دەوڵەتی جوو)ی لەسەر خاکەکەدا چەسپاند. توێژینەوەکە لە سەرەتادا شیکاری بۆ ئەو هۆکارە دەرەکییانە دەکات کە لە ناو جەرگەی ئیمبراتۆریەتی رووسیای قەیسەرییەوە سەریان هەڵدا، لەوانە پەرەسەندنی شەپۆلەکانی دژە جوو، کۆمەڵکوژی (کیشینیف)ی ئۆکرانیای ساڵی ١٩٠٣، شکستی شۆڕشی ١٩٠٥ لە خودی ڕووسیا و دەرئەنجامە سیاسییەکانی کۆدەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٧ کە هەندێ جار بە کۆدەتای (ستۆلیپین-Stolypin) ناسراوە، وەک پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ کۆچی بە کۆمەڵی جوو بەرەو فەلەستین کارایان کرد بە تایبەتی گەنجانی جوو. تەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بوونە پاڵنەری کۆچی جووەکان، هەروەها ڕۆڵی بزووتنەوەی سەهیۆن لە ئاراستەکردنی ئەم شەپۆلە بەرەو فەلەستین، هاوکات توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ کڕینی زەوی دەکات بە تایبەت زەویە کشتوکاڵییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەوی کشتوکاڵی. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کۆچی دووەمی جووەکان تەنیا گواستنەوەی مرۆیی نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی ڕێکخراو و ئامانجداری بزووتنەوەی سەهیۆن بوو، بۆ کۆتایی هێنان بە ئاوارەیی جووەکان لە جیهاندا، لەم سۆنگەیەوە ئەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی سەهیۆن توانی پرۆژەی سەهیۆنییەت کە خۆی لە گەڕانەوەی جووەکان بۆ خاکی بەڵێندراو (وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن) دەبینییەوە لە هەوڵی تاکەکەسیەوە بگۆڕێت بۆ پرۆژەیەکی ڕێکخراوی (ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) بەهێز، ئەمەش بووە ڕێگە خۆشکەر بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە قۆناغەکانی دواتردا.

وشه سەرەكییەكان: یەشوف، جووەكان، كیشینیف، كۆدەتایی ستۆلیپین، سەرسەق:

**پێشەكی**

مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و فەلەستین بە تایبەت لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، زنجیرەیەك گۆڕانكاری گەورەی بەخۆیەوە بینی كە نەخشەی سیاسی ناوچەكەیان بۆ هەمیشە گۆڕی، لە ناوجەرگەی ئەم گۆڕانكارییانەدا، بزووتنەوەی سەهیۆن وەک بزووتنەوەیەكی نەتەوەیی، سیاسی رێكخراو كە لە ساڵی ١٨٩٧ سەری هەڵدا ئامانجی سەرەكی ئەم بزووتنەوەیە گەڕانەوەی جووەكان بۆ فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی جوو بوو، ئەگەر چی (كۆچی یەكەم ١٨٨٢- ١٩٠٣) وەک سەرەتایەكی پەرشوبڵاو و زیاتر سیمایەكی ئاینی و ڕەفتارێكی هەرەمەكی دەركەوت، بەڵام (كۆچی دووەم ١٩٠٣- ١٩١٤) وەک بڕبڕەی پشتی پرۆژەی گەڕانەوە و نیشتەجێبوونی جوو و بەردی بناغەی ڕاستەقینەی ئەو دەوڵەتە دادەنرێت كە دواتر لە ساڵی ١٩٤٨دا ڕاگەیەندرا.

ئەم شەپۆلە لە كۆچ، كە زۆربەی كۆچبەرەكانی لە ڕووسیای قەیسەرییەوە بەرەو كەناراوەكانی فەلەستین دەهاتن، تەنیا جووڵەیەكی دانیشتوان نەبوو كە لە ترسی چەوسانەوە ڕایانكردبێت، بەڵكو هەڵگری ئایدۆلۆژیایەكی سۆشیالیستی- نەتەوەیی توند بوون، كۆچبەرانی ئەم قۆناغە، كە زۆربەیان لە كەنجانی پەروەردەكراوی ناو بازنە سیاسییەكانی ئەوروپای رۆژهەڵات بوون، لەوانە (داود بن گۆریۆن) و (ئیسحاق بن زەڤی) و چەندانی تر، تێڕوانینێكی جیاواز و نوێیان بۆ بنیاتنانەوە هێنایە ئاراوە، تێڕوانینێک كە لەسەر دوو چەمكی جەوهەری (وەرگرتنەوەی خاک و (پشتبەستن بەكاری خۆماڵی) دامەزرابوو.

لەم قۆناغە هەستیارەدا، ستراتیژی سەهیۆنییەت لە هەوڵە تاكەكسییە سەرمایەدارییەكانەوە گۆڕا بۆ كارێكی دامەزراوەیی و سیستماتیک، لێرەدا بوو كە بۆ یەكەمجار دروشمی (كارو خاكی عیبری) بوو بە بنەمایەک بۆ دەركردنی كرێكارانی عەرب لە فەلەستین لە كێڵگە و كارگەكانی جوو، بە مەبەستی دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی جووی داخراو و سەربەخۆ لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەم وەرچەرخانە ئایدۆلۆژییە تەنیا ڕەهەندی ئابووری نەبوو، بەڵكو زەمینە سازییەكی چڕ بوو بۆ دروستكردنی ژێرخانێكی ئەمنی و سەربازی، كە لە دامەزاندنی ڕێكخراوی (هاشۆمیر- پاسەوان) و بنیاتنانی یەكەمین شاری مۆدێرنی جوو وەک (تەل-ئەبیب)دا ڕەنگی دایەوە.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی توانای جووەكانە بۆ گەڕانەوە بۆ فەلەستین كە چۆن سودیان لە هەل ومەرجی ئەو سەردەمە وەرگرت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، لە كاتێكدا چەندین نەتەوەیی تر هەبوون كە خاوەن خاک و مێژووی تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام ئەو دەرفەتەیان نەقۆستەوە بۆ دروستكردنی دەوڵەت.

لەم توێژینەوەیە دەخوازێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ڕووداوەكانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا بە تایبەت ڕووداوەكانی ئیمبراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەی تا چەند كاریگەر بووە بەسەر

كۆچی جووەکان بۆ فەلەستین لە ساڵانی (١٩٠٣- ١٩١٤)؟ هەروەها ڕۆڵی بزووتنەوەی سەهیۆن تا چەند سەرکەوتوو بووە لە باوەڕ پێ هێنانی جووەکان بۆ گەڕانەوەی زۆرترین ژمارە بۆ فەلەستین، هاوکات ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە چەندین بەڵگەنامەی بڵانەکراوەی عوسمانی کە جووەکان چۆن دەستیان بە کڕینی زەوی و زار کردووە، کێ هۆکار بووە لە فرۆشتنی ئەو زەوییانە، هەروەها ئەو بنەماڵە و کەسایەتیانە کێ بوون لە بەرامبەر دەستکەوتی ماددی ئامادە بوون دەستبەرداری زەوییەکانیان بن.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی بەستراوە شرۆڤەی شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دوو تەوەر پێک هاتوو، دەروازەکە تەرخان کراوە بۆ کۆچی جووەکان و ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە بەو خاکەوە دەیانبەستیتەوە. تەوەری یەکەم تایبەتە بە: هۆکارەکانی کۆچکردنی جووەکانی رووسیا بۆ فەلەستین، لەم تەوەرەدا بە پشتبەستن بە ڕووداوە مێژووییەکانی ئیمبراتۆریەتی رووسیا کە چۆن بوونەتە هۆکاری سەرەکی کۆچکردنی جووەکان بۆ فەلەستین، لە ڕووی مێژووییەوە بە کۆچی دووەم دەناسرێت یاخود (عەلییای دووەم). تەوەری دووەم لە ژێر ناونیشانی: کڕینی زەوی لەلایەن جووەکان لە فەلەستین، کە تێیدا شیکردنەوە بۆ ئەو هۆکارانە کراوە کە کێ لە پشت فرۆشتنی ئەو زەوییانە بوو بە ڕێکخراوە جووەکان.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا. پشت بە چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی عوسمانی بەستراوە، هاوکات چەندین سەرچاوەی عەرەبی، عیبری و ئینگلیزی، لە پاڵ ئەم سەرچاوانەشدا چەندین نامەی ئەکادیمی و گۆڤار بوونی هەیە لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا.

**دەروازە: پەیوەندی جووەکان بە خاکی فەلەستینەوە:**

کۆچی جووەکان بۆ فەلەستین زۆر جار بە (عەلییە) ناودەبرێت بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی گەلی جوو، لە کاتی هاتنی کۆچبەرە جووەکانی رووسیا و شوێنەکانی تر لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کۆچی جووەکان وەک یەکێک لە ستراتیژە سەرەکییەکان و پایە هەرە گرنگەکان لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی جوو کاری لەسەر کراوە، بەپێی بانگەشەکانیان، گەڕانەوە بوو بۆ (خاکی بەڵێنپێدراو) یان خاکی فەلەستین. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ستراتیژییە، لەو سەردەمەدا هەموو ئامادەکارییە پێویستەکان کران بۆ دابینکردنی ژێرخانی گونجاو بۆ گەڕانەوە، یەکخستن، پەرەپێدان و فراوانکردنی کۆمەڵگە جووەکانی تازەهاتوو، دواتر لە ساڵی ١٨٩٧ بەدواوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی گەڕانەوەی جووەکان بۆ فەلەستین لەلایەن بزوتنەوەی سەهیۆنەوە سەپرشتی کرا ئەم هەوڵانە بە چڕی بەردەوام بوون تا ساڵی ١٩٤٨، کە ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی ئەورووپی ڕۆڵی کارا و گرنگیان گێڕاوە، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

ناڕاستەوخۆ، ئەوان یارمەتیدەر بوون لە ئاسانکردنی پرۆسەی کۆچکردنی جووەکان و نیشتەجێبوونیان لە فەلەستین (Ben-Zvi, 1963, 66).

**تەوەری یەکەم: هۆکاری کۆچکردنی جووەکان بۆ فەلەستین:**

گەلێک هۆکاری گرنگ هەبوو لە پشت دەرکردنی جووەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە تایبەت ڕووسیا، ئەم شەپۆلە نوێیەی کۆچی جووەکان کاریگەرییەکی گەورە و بنەڕەتی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جووەکان لە فەلەستین هەبوو، کە لەو کاتەدا بە (یەشوف)[١] ناسرابوو، ئەم شەپۆلە کۆچە ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی سەهیۆن،چونکە کۆچبەرانی ئەم سەردەمە بە بڕوایەکی بەهێزەوە هاتبوون بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێی جوو و بنیاتنانی ژێرخانی دەوڵەتێک لە داهاتوو **(محمد و شفيق، ٢٠١٣، ٣٢٧).**

کۆچی دووەمی جووەکان، بە پێچەوانەی کۆچی یەکەم کە زۆربەیان هاوڵاتی سادە و هەڵاتووی چەوسانەوە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا فرە چەشن و جیاوازیش بوون، لەم کۆچەدا بێجگە لەو کۆچبەرە ئاساییانە، چەندین گرووپی گەنج بە بیری نەتەوەییەوە پەیدا بوون، ئەوان لەگەڵ خۆیاندا چەمکەکانی لیبراڵیزم، سێکۆلاریزم و سۆسیالیزمیان هێنابوو، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو لە پێکهاتەی کۆچبەریدا **(الحوت، ١٩٩١، ٣٩٩).**

سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ شەپۆلێکی نوێی کۆچکردنی جووەکان لە ڕووسیاوە دەستی پێکرد، کە بەردەوام بوو هەتا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤، ئەم کۆچکردنی بووە هۆی دەرچوونی سەدان هەزار جوو، کە زۆربەیان چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جگە لە بەشێکی کەم نەبێ کە ڕوویان لە فەلەستین کرد، ژمارەی ئەو کۆچبەرە جووانەی لەو ماوەیەدا چوونە فەلەستین کە دواتر بە کۆچی دووەم ناسرا، بە نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ هەزار کۆچبەر مەزەندە دەکرێت **(Barin, 2014, 151؛ Laqueur, 1972, 169).**

لە نیسانی ساڵی ١٩٠٣دا، ئیمبراتۆریەتی ڕووسیا کۆمەڵکوژییەکی دژی جووەکان لە شاری (کیشینیف)[٢] ئەنجامدا، دوای ئەو کۆمەڵکوژییە، (تیۆدۆر هێرتزل ١٨٦٠- ١٩٠٤) سەرۆکی بزووتنەوەی سەهیۆن ناچار بوو گەشت بۆ ڕووسیا بکات و لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کۆببێتەوە، بەڵێنی لێ وەرگرت بۆ باشترکردنی بارودۆخی جووەکان لە ڕووسیا و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان **(Fishberg, 1911, 123 ؛ يۆهن، ٢٠١٦، ١٣)**، بەڵام چەند مانگێک دوای ئەودیدارە بە دیاریکراوی لە مانگی ئابی هەمان ساڵ، کۆمەڵکوژییەکی دیکە لە شارۆچکەی (هۆمل- Homel) دژی جووەکان ڕوویدا، وەک دەردەکەوێت جووەکانی ئەو شارۆچکەیە وانەیەکیان لە ڕووداوەکەی (کیشینیف) وەرگرتبێ، بۆیە هێزێکی بەرگریان لە ناو خۆیان پێکهێنا، ئەم هێزە توانی زیان بە هێرشکارە ڕووسیەکان بگەیەنن، لە نێوان کوژرا و بریندارا، ئەمەش وای لە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا کرد ژمارەیەک لە جووەکان دەستگیر بکەن و لە سێدارە بدەن، لە

كاتێكدا بەشێكی دیكەیان توانیان بە هاوكاری بزووتنەوەی سەهیۆن دەربازبین و بۆ فەلەستین و شوێنەكانی تر كۆچ بكەن **(Monaco, 2013, 16 ؛ Dubnaw, 1920, 113)**.

لە هاوینی ساڵی ١٩٠٤ بە هۆی تیرۆركردنی وەزیری ناوخۆی ڕووسیا، دوو كۆمەڵكوژی دیكە دژی جووەكان لە شارۆچكەی (سمیلی و برۆینۆ) ڕوویاندا **(Budnitskii, 2008, 326)**، لە پایزی هەمان ساڵدا جەنگی ڕووسیا- ژاپۆن هەڵگیرسا، سەربازانی ڕووسیا لە ڕێگای ڕویشتنیان بۆ بەرەكانی جەنگ چەندین كۆمەڵكوژییان دژی جووەكان لە شوێنە جیاوازەكان ئەنجامدا، كۆمەڵكوژییەكانی جووەكان تەنانەت لە كاتی جەنگیشدا نەوەستان، بە جۆرێک هە لەكاتی جەنگەكەدا سێ كۆمەڵەكوژی دژیان ئەنجامدرا، یەكەمیان لە شوباتی ساڵی ١٩٠٥ لە شاری (ڤیاودۆسیا) ڕوویدا، دووەمیشیان لە نیسانی هەمان ساڵ لە (ملیانۆڤۆڵ) ئەنجامدرا، سێیەمیشیان لە هەمان مانگ لە (ڤیتۆمیر) ڕوویدا، كە تیایدا جووەكان بە شێوەیەكی ڕێكخراو ڕووبەڕووی هێرشكاران بوونەوە و زیانیان پێگەیاندن **(Horowitz, 1930, 111)**، لەلایەكی ترەوە ئەم ڕووداوانە ترسێكی زۆری لە نێو جووەكانی باشووری ڕووسیادا دروستكرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی زیانێكی زۆر بەر بازرگانی لەو ناوچەیە كەوت و زۆرێک لە خێزانە جووەكان ناچار بوون كۆچ بكەن بۆ وڵاتانی تر، لەوانە فەلەستین **(علي، ٢٠٢٣، ١٥٠٧)**، هاوكات یەک ملیۆن و ٥٥٧ هەزار جوو وڵاتەكەیان بەجێ هێشت، ٧٨,٦%ی ئەو جووانەی كە لەو ماوەیەدا ئیمبراتۆریەتی ڕووسیایان بەجێ هێشت، گەیشتنە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بەریتانیا، هەندێكیان چوونە فەلەستین و ئەرجەنتین و وڵاتانی تر. لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩٠٦دا، هەزاران كەس گەیشتنە فەلەستین بە هۆی ئەو كۆمەڵكوژییە بەردەوامانەی كە دژیان دەكران **(Wortman, 1945, 76-77)**، هاوكات سەرچاوە عیبرییەكان بە شێوەیەكی بەرفراوان پشتڕاستی دەكەنەوە كە شەپۆلی كۆچكردنی جووەكان لە ڕووسیاوە گۆڕانكارییەكی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و بە شێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە ڕوون كراوەتەوە كە ژمارەیەكی زۆر لەم كۆچبەرانە ڕوو لە ئەمریكا دەكەن و بە هۆیەوە پێویستە بزووتنەوەی سەهیۆن ڕۆڵێكی كارا بگێڕێت لە ئاراستەكردنی ئەم كۆچبەرانە بۆ فەلەستین، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەكانیان لە ناوچەكەدا **(גרינבאום - گرینباوم، ١٩٥٦، ٢٢١ ؛ מדציני - مەدزینی، ١٩٦٤، ١٨٤)**.

لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر شەپۆلی كۆچكردنی جووەكانی ڕووسیا بكرێت بۆ وڵاتەكانی دیكە، بە تایبەت كە ڕێژەیەكی كەمیان ڕووی لە فەلەستین كردووە بە بەراورد كردن بەو ڕێژەیەی ڕوویان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كردووە،كە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە تاوەكو ئەم قۆناغەش بزووتنەوەی سەهیۆن نەیتوانی بوو كاریگەری گەورە لەسەر كۆچی جووەكان بە تایبەت جووەكانی ڕووسیا دروست بكات بۆ ئەوەی فەلەستین وەک نیشتمانێكی داهاتویان سەیر بكەن، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە تاوەكو ئەوكاتە خودی بزووتنەوەی سەهیۆنیش تەواو خۆی یەكلانەكردبووە لەسەر ئەم بابەتە.

دەسەڵاتدارانی ڕووسیا پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان، هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە بزووتنەوەی سەهیۆنی نیشانداو چالاکییەکانی قەدەغە کرد، هەرچەندە بزووتنەوەکە لە ساڵی ١٩٠٦دا لە شاری (مێنسک) مۆڵەتی فەرمی وەرگرتبوو، وەک ڕێکخراوێکی یاسایی ناسێنرابوو، بەڵام داواکاری گشتی بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی وەزیری ناوخۆ تانەی لەم بڕیارەدا، ئەنجومەنی دەوڵەت بڕیاری کۆتایی خۆیدا توانیان مۆڵەتەکە ڕابگرن و بزووتنەوەکەش جارێکی تر قەدەغە کرا **(Cihen, 1951, 83)**. ئەم بڕیارە تاکوو ساڵی ١٩١٧ کاری پێکرا.

کۆدەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٧ ڕێکارێک بوو کە قەیسەر (نیکۆلای دووەم) لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٧دا گرتە بەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی خولی دووەمی ئەنجوومەنی دۆما و گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن، کە بەمەش کۆتایی بە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕووسیا هێنا، ئەم وەرچەرخانە کۆنە پەرستانەیە بووە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکان و زیادکردنی فشار بۆ سەر کەمینەکان و تەندکردنەوەی سیاسەتە دژە جووەکان لە ڕووسیای قەیسەری **(Sokolow, 1919, 287)**، هاوکات ئەم کۆدەتایە بووە هۆی دەرکردنی یاسای نوێی هەڵبژاردن، ئەم یاسایەش بە شێوەیەکی بەرچاو نوێنەرایەتی سیاسی نەتەوە نا-ڕووسەکان و جووەکانی سنوردار کرد، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی نوێنەرانی جوو (کە خۆی لە بنەڕەتدا کەم بوو) لە ئەنجومەنی دۆما **(Gartner, 2001, 261)**، هەروەها کۆدەتاکە هەلی بۆ حکومەتەکەی (پیوتەر ستۆلیپین ١٨٦٢- ١٩١١) ڕەخساند بۆ سەپاندنی سیاسەتگەلێکی سەرکوتکەرانە کە بە توندی کۆمەڵکوژییەکان و چەوساندنەوەی دژی جووەکانی لە چوار چێوەی سیاسەتی (ڕووسیا بۆ ڕووسەکان) دا زیادی کرد، دۆخی پشێوی و سەرکوتکاریی بەردەوام دوای ساڵی ١٩٠٧، بووە هۆی زیادبوونی ئارەزووی جووەکان بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی ڕووسیا بە مەبەستی ڕاکردن لە هەژاری و ترس و چەوساندنەوە. بەشێکی ئەم کۆچبەرانە ڕوویان لە فەلەستین کرد **(Dubnow, 1920, 149)**.

دوای ئەم بڕیارە، دەسەڵاتدارانی ڕووسیا ڕێوشوێنەکانیان توندوتۆڵتر کرد و بە وردی چاودێری ئەندامانی بزووتنەوەی سەهیۆنیان دەکرد، ئەم فشارە ئەوەندە زۆر بوو کە لە کانوونیەکەمی ساڵی ١٩٠٧دا، ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکاری سەهیۆن لە ڕووسیا ناچار بوون نامەیەک بۆ (دەیڤد وۆڵفسۆن ١٨٥٦- ١٩١٤) سەرۆکی بزووتنەوەکە بنێرن، لەو نامەیەدا ڕایانگەیاندبوو: "بەهۆی دژایەتییەکانی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا و پشت بەستن بە یاساکانی باری نائاسایی، هیچ دەرفەتێکمان بۆ ئەنجامدانی هیچ چالاکییەک نەماوە" **(מאור - میئۆر، ١٩٧٤، ٢٤٣)**، هاوکات (دەیڤد وۆڵفسۆن) نەیتوانی بەرامبەر ئەم دۆخە بێ دەنگ بێت، چونکە جووەکانی ڕووسیا لەو کاتەدا گەورەترین و کاریگەرترین گرووپی ناو بزووتنەوەی سەهیۆنیان پێک دەهێنا، هەر بۆیە لە تەمموزی ساڵی ١٩٠٨دا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی ڕووسیا سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەت لەسەر چالاکییەکانی جووەکانی ڕووسیا، لێکتێگەیشتنێک لە نێوان هەردوولایەن پەیدابوو، لەم سۆنگەیەوە حکومەتی ڕووسیا ڕایگەیاند کە دژایەتی چالاکی جووەکان لە بزووتنەوەی سەهیۆندا ناکات، بە مەرجێک بزووتنەوەکە کار بۆ


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کۆچپێکردنی جووەکان لە ڕووسیا یان دامەزراندنی نیشتمانێک بۆیان لە فەلەستین یان هەر شوێنێکی تر بکات، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە ناتوانێت ڕێگا بە هیچ چالاکییەک بدات کە پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی وڵاتەوە هەبێت **(מאור - میئۆر، ١٩٧٤، ٢٤٦).**

لەلایەکی ترەوە، ئەو فشارانەی کە جووەکان لە ڕووسیا لە ماوەی بیست ساڵی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، تاکە هۆکار نەبوو بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری جووەکان بۆ فەلەستین بەڵکو جووەکانی ڕووسیا خۆشیان لەو کاتەدا ڕۆڵیان هەبوو لەم بابەتەدا، چونکە زۆربەی ئەندامە چالاکەکانی بزووتنەوەی سەهیۆن لە جووەکانی ڕووسیا بوون و پەیڕەویان لە پلانەکانی هێڵی سەهیۆنی (کرداری)[٣] دەکرد، ئەوان داوای نیشتەجێ بوونیان لە فەلەستین دەکرد و زیاتر پابەند بوون بەم هەڵوێستەیانەوە، دوای ئەوەی پرۆژەی (ئۆگاندا)ش لە کۆنگرەی شەشەم لە ساڵی ١٩٠٣ دا خرایەڕوو، (کردارییەکان) پێیان وابوو ئەرکیانە کە زۆرترین ژمارەی جوو هانبدەن بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی پیرۆز (وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن)، یەکێک لە ڕێگاکانی شکستهێنانی پرۆژەی نیشتەجێ کردنی جووەکان لە (ئۆگاندا)، دژایەتی (مەناحیم ئۆسیشکین ١٨٦٣- ١٩٤١) و ڕەوتەکەی بوو، لەم چوارچێوەیەشدا ناوبراو وەک سەرکردەیەکی دیاری بزووتنەوەی سەهیۆن بەردەوام سەردانی فەلەستینی دەکرد، بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە ڕەوش و بارودۆخی جووەکان لە فەلەستین (Ben-Zvi, 1963, 103 ؛ الشرقاوي، ١٩٩٦، ص٢٥)، هەروەها ڕژێمی ڕووسیای قەیسەری نەوەک هەر بووە هۆی کۆچێکی بێوچانی جوو، بەڵکو شێوازە جیاوازەکانی چالاکی سەهیۆنیشی سەرکوت دەکرد و چالاکوانانی جووی زۆرجار بە هۆی ئەنجامدانی پڕۆپاگەندە دەستگیر دەکرد **(Cohen, 1951, 59 ؛ Laqueur, 1972, 107).**

لە بەهاری ساڵی ١٩١٠دا حکومەت ڕووسیا بە هاندانی ئەنجومەنی (دۆما)، بڕیاریدا بە بیانووی پاراستنی جووەکان لە دەست درێژی، ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی (١٢٠٠) خێزانی جوو لە شاری (کیێف)ی ئۆکرانیا، ئەمەش ڕێکارێک بوو کە شەپۆلێکی نارەزایەتی توندی لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕووسیا لێکەوتەوە، ڕێکخراوە جووەکانیش بە تایبەتی بزووتنەوەی سەهیۆن هەوڵێکی زۆریاندا لە ڕێگای کونسوڵخانە بیانییەکان بۆ گەیاندنی ئەم خێزانانە بە فەلەستین (Dubnow, 1920, 157).

لە ئەیلولی ساڵی ١٩١١دا، سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا (پیوتەر ستۆلیپین ١٨٦٢-١٩١١) لە شاری کیێف تیرۆرکرا، بکوژەکەی بە ڕەچەڵەک جوو بوو، ئەمەش بیانووی دایە دەستی حکومەت بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکی ئامادەکراو، سەرەڕای دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری جووەکان بە بیانووی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆی وڵات. هاوکات ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەکانی جوو ڕوویان لە فەلەستین کرد **(Dubnow, 1920, 164)**، هاوکات مەترسییەکی نوێ بۆ سەر جووەکان سەری هەڵدا، ئەمجارەیان لە پۆڵەنداوە بوو، ئەو هەستە نەتەوەیی و ئایینییە توندەی پۆڵەندییەکان کە بەهۆی ئەو چەوسانەوە سیاسییەی زیاترلە سەد ساڵ بوو (بە تایبەت لەسەر دەستی ستەمکاریی ڕووسیا) پێیان دەدرا. پێشکەوتنی ئابووری جووەکان لە دوو ناوەندی

پیشەسازی پۆڵەندا، بووە هۆی سەرهەڵدانی هەڵمەتی بایکۆتی دژە جووەکان، پۆڵەندییەکان دروشمی (لە جوو مەکڕن)یان بەرزکردەوە **(Sokolow, 1919, Vol 2, 87)**، هاوکات بزووتنەوەی دژە جوو لە پۆڵەندا لە ساڵی ١٩١٢ گەیشتە لووتکە بە تایبەت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی چوارەمین[٤] خولی (دۆما)ی ئیمبراتۆریەتی ڕووسیا، ئەم هەڵوێستەی جووەکان شەپۆلێکی توڕەیی لە ناو چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی پۆڵەندیدا دروستکرد، هەڵمەتێکی دژە جووی ڕێکخراو لە ڕۆژنامەکان و سەر شەقامەکاندا نازناوی (بەیلیسەکان)[٥] یان لە جووەکان نا، هەروەها هەڵمەتی بایکۆتی ئابووری دژی جووەکان ڕاگەیندرا لە زۆربەی شار وشارۆچکەی پۆڵەندا، لە گوندەکانیش ئاگریان لە زۆربەی ماڵە جووەکان بەردا، ئەمەش بووە هۆی کۆچپێکردنی سەدان خێزانی جوو بۆ وڵاتەکانی تر، بەشێکی زۆری خێزانە کەم دەرامەتەکان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی جوو گەیشتنە فەلەستین **(Sokolow, 1919, Vol 2, 91 ؛ Cohen, 1951, 77)**.

سەرەڕای سنووردارکردنی چالاکییەکانی بزووتنەوەی سەهیۆن لە ئیمبراتۆریەتی ڕووسی، بەڵام بزووتنەوەکە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی بە زمانی عیبری لە شارە گەورەکانی ئیمبراتۆریەتەکە، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی کۆچکردن لە ناولاوانی جوودا بۆ گەڕانەوە و نیشتەجێ بوون لە فەلەستین، لەم بارەیەوە (مۆشی دیان)[٦] لە یادەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆمەڵکوژی دژ بە جووەکان لە سەرانسەری ئیمبراتۆریەتی ڕووسیا لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت بە گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو جووەکان هۆکار بوون بۆ گەڕانەوەی ئاوارە جووەکانی ڕووسیا بۆ فەلەستین **(دیان، ٢٠١١، ١٦-٢٠)**.

کۆچی دووەمی جووەکان (١٩٠٣- ١٩١٤) بە یەکێک لە گرنگترین شەپۆلەکانی کۆچی سەهیۆنییەکان بۆ فەلەستین دادەنرێت و وەک دامەزراندنی ڕاستەقینەی پرۆژەی نیشتەجێ بوون ئەژمار دەکرێت، چونکە بەوە ناسراوە کە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی سۆشیالیستی ڕێکخراو بوو، بە پێچەوانەی کۆچی یەکەم (١٨٨٢- ١٩٠٣) کە هەرەمەکیتر بوو، سیمایەکی سەرمایەداری هەبوو. زۆربەی کۆچبەران نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ هەزار کەس، کە زۆربەیان گەنج بوون لە ژێر کاریگەری بیرۆکە سۆشیالیستی و مارکسییەتدا بوون، دوای ئاڵۆزییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بە تایبەت ڕووسیا هاتبوونە فەلەستین، ئامانجیان بنیاتنانی (کۆمڵگەی نوێی جوو) بوو کە لەسەر کاری دەستی دامەزرابێت، نەک تەنها نیشتەجێبوونی کشتوکاڵی سەرمایەداری. کۆچبەران پشتیان بە هێزی کاری عەرەبی فەلەستینی نەبەست لە نشینگەکانی جوودا وەک ئەوەی لە کۆچی یەکەمدا هەبوو، بەڵکو پێداگرییان کرد کە دەبێت جووەکان خۆیان هەموو کارەکان ئەنجام بدەن، لە کشتوکاڵەوە تا بیناسازی، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئابووری مسۆگەر بکەن، هاوکات یەکێک لە دیارترین سیماکانی کۆچی دووەم دامەزراندنی ڕێکخراوی (هاشۆمیر- پاسەوان)[٧] بوو لە ساڵی ١٩٠٩، کە یەکەمین ڕێکخراوی ئەمنی جوو بوو بە مەبەستی پاراستنی نشینگەکان، ئەمەش سیمایەکی سەربازی بە کۆچەکە بەخشی و پاسەوانە

عەرەبەکانیان بە پاسەوانی جوو گۆڕیەوە، هەر لە هەمان ساڵدا یەکەم شاری مۆدێرنی جووەکان (تەل ئەبیب) لە نزیک یافا دامەزرا. ئەم قۆناغە بوژانەوەیەکی چڕی زمانی عیبری وەک زمانێکی نەتەوەیی، لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانە و دامەزراوە کولتوورییەکانی جووی بە خۆیەوە بینی.

لە کۆتاییدا، کۆچی دووەمی جووەکان تەنیا گواستنەوەی دانیشتوان نەبوو، بەڵکو گەڕانەوە و نیشتەجێ بوونێکی ڕێکخروا بوو، کە پرۆژەی سەهیۆنییەت لە هەوڵە تاکەکەسییەکانەوە گۆڕی بۆ ژێرخانێکی (ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتی) بەهێز، کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ دانانی بەردی بناغەی دەوڵەتی داهاتووی جوو لە فەلەستین.

**تەوەری دووەم: کڕینی زەوی لەلایەن جووەکان لە فەلەستین:**

دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی سەبارەت  بە کۆچی جووەکان بۆ فەلەستین و کڕینی زەوی لەلایەن جووەکانەوە، ئەمەش دوای دەرکردنی چەندین یاسا و بڕیاری تایبەت بەم پرسە.

لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٣ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم چەند یاسایەکی نوێ دەکرد، کە بە پێی ئەم یاسایانە جووە بیانییەکانی لە چوونە ژوورەوە بۆ شاری قودس و فروشتنی زەوی و دروستکردنی نشینگەی نوێ قەدەغە کرد **((BOA; DH. MKT, ٢٤/٤١ (١/٢)**، هاوکات لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا هاتووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ی تەمموزی ١٩٠٤، جووەکان وەکو بنچینە و نەریتی ئایینی خۆیان، لیوای قودس و بەشێکی ویلایەتەکانی بەیروت و سووریا و خاکی فەلەستین بە پیرۆز دەزانن، بۆ ئەم مەبەستەش جووەکان دەستیان بەسەر رووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی گرتووە، دوای ئەوەی خاوەنەکانیان نەیانتوانی لە کاتی خۆی قەرزەکانیان بگەڕێننەوە **(٢/٣- ٢١٥٣/١٦١٤٤٩ BEO؛ ٢/٢ -٢١٥٣ /١٦١٤٤٩ .(BOA;BEO**

جووەکان چ وەک تاک یان دامەزراوە بەردەوام بوون لە کڕینی زەوی لە فەلەستین، لە بەڵگەنامەیەکی تری دەسەڵاتدارانی عوسمانی کە مێژووەکەی بۆ ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٠٢ دەگەڕیتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "کۆمەڵە ئیسرائیلییەکانی ئەوروپا لە پێناو بەدەستهێنانی خاکی فەلەستین کۆمەڵەیەکیان لە ئینگلیزەکان دروست کردووە و تەنانەت وەرگێڕی کونسوڵی ئینگلتەرایان لە حەیفا ڕاسپاردووە بۆ کڕینی زەوی وزار"، هەر لەهەمان بەڵگەنامەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "جووەکان بە نهێنی ئومیدیان لەسەر خاکی فەلەستین هەڵچنیوە، ئەو زەوی وزارەی کە بەهای دۆنمێکی (٥٠) قورش بێت، بۆ نموونە ئەوان بە (١٥٠) قورش دەیکڕن، خەڵکی ناوچەکەش بە هۆی هەژاری و تەماحگیرییەوە خوازیارن بەهەر جۆرێک بێت زەوییەکانیان بفرۆشنە جووەکان" **( (١/١) ٤٣٣/١٣٣**

**(BOA;Y.A.HUS,**. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە فەلەستینییەکان خۆیان هۆکار بوونە بۆ لەدەستدانی زەوییەکانیان.

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٣دا، هەوڵەکانی جوو بۆ کڕینی زەوی لە فەلەستین بەردەوام بوون کۆمپانیا جووەکان وتوێژیان لەگەڵ بنەماڵەی لوبنانی (سەرسەق)[٨] کرد بۆ کڕینی ناوچەی دۆڵی (مەرج ئیبن عامر). راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە جووەکان بە نرخێکی گرانتر لە نرخی خۆی زەوییەکانیان دەکڕی **(حلاق، ١٩٧٨، ٢٤٥)**، هاوکات لە ساڵی ١٩٠٤دا، دەوڵەتی عوسمانی پێداگری لەسەر بڕیاری قەدەغەکردنی فروشتنی زەوی وزار و خانوبەرە لە فەلەستین بە جووەکان کردەوە، چونکە زۆربەی جووەکان بە مەبەستی کڕینی زەوی و نیشتەجێ بوون دەهاتنە فەلەستین **(الوعري، ٢٠١٢، ١٩٨)**. بەڵام بە هۆی وەرگرتنی بەرتیل لە جووەکان، فەرمانەکان تەنیا حبرێک بوون لەسەر کاغەز.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە کونسوڵی بەریتانیا لە شاری (قودس) جەختی لەوە کردووەتەوە کە بزووتنەوەی سەهیۆن لە ساڵی ١٩٠٦ توانیویەتی هەندێک زەوی لە فەلەستین لە دەرەبەگە عەرەبەکان بکڕێت، کە رووبەرەکەی نزیکەی (١٥)هەزار دۆنم زەوی بووە لە (یافا)، ئەمە لە کاتێدا بوو کە یاسای عوسمانی رێگرییان لە جووەکان دەکرد ببنە خاوەنی زەوی لە فەلەستین، بەڵام (رەشید پاشا) رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە تێپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەم سەرپێچییانەی جووەکان **(حلاق، ١٩٧٨، ٢١٠)**، هاوکات بزووتنەوەی سەهیۆنیش بەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ جووەکانی فەلەستین، لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵەی جوو بۆ نیشتەجێکردن لە فەلەستین (بیکا)[٩] هەوڵیدا تەواوی دەشتی (عەکا) لە دانیشتوانەکەی بکڕێت، بەڵام مامەڵەکە بە هۆی نارەزایەتی خەڵکی ناوچەکە لەلایەک، رەتکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتییەکە بۆ کۆمپانیای ناوبراو لەلایەکی ترەوە سەرکەوتوو نەبوو**(Cohen, 1951, 63 ؛ نحماني، ٢٠١٠، ١٧)**، لەسەر ئەم بنەمایە، بزووتنەوەی سەهیۆن کاری لەسەر دوو فاکتەری گرنگ کرد بۆ کڕینی زەوی لە فەلەستین، یەکەمیان فریودانی دەرەبەگەکان، دووەمیان، بەرتیلدان، بزووتنەوەی ناوبراو لە شاری (حەیفا) لە ساڵی ١٩٠٧دا، توانی هەردوو گوندی (بەیت لەحم و ئوم عەمەد) لە ناوچەی ناسرە لە هەردوو بنەماڵەی (سەرسەق) و (توێنی) لوبنانی بکڕن، هەروەها جووەکان چەندین گوندی دیکەیان بەناوی خوازراو و لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوایە هاوڵاتی بیانیین کڕیوە **(الوعري، ٢٠١٢، ٢٣٨)**، هاوکات سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە سەردەمی دەسەڵاتیدا، خاوندارێتییەکی زەویوزاری بەرفراوانی لە ویلایەتەکانی دەوڵەتدا پێکهێنا کە فەلەستینیشی دەگرتەوە، رووبەرەکەیان نزیکەی (٢,٥٠٠,٠٠٠) دۆنم بوو بەسەر (٤٠) ناوچەی جیاوازدا دابەش بووبوو، دوای لادانی سوڵتان لە دەسەڵاتلە ساڵی ١٩٠٩، ئەم زەوییانە بوونە جێگەی بایەخی بزووتنەوەی سەهیۆن و کۆمپانیا جووەکان کە بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا دەستیان بەم زەوییانە بگات، ئەمەش بە قۆستنەوەی ئەو قەیرانە داراییەی کە لەو سەردەمەدا بەرۆکی دەوڵەتی عوسمانی گرتبوو (الوعري، ٢٠١٢، ٣٤٧ ؛ جريدة فلسطين، ١٩١٣، ٣)، لەم

سۆنگەیەوە کەسایەتی دیاری فەلەستینی (ڕوح ئەلخالدی ١٨٦٤- ١٩١٣) ئاماژە بەوە دەکات کە فرۆشیارانی زەوییەکانی فەلەستین بریتین بوون لە:

1 - خاوەن موڵکەکان، کە زۆربەیان لە بنەماڵە لوبنانییەکان بوون وەک (سەرسەق و توێنی).
2 - دەوڵەتی عوسمانی، کە زەوییەکانی لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە دەفرۆشت، کاتێک کە جوتیارەکان توانای دانی ئەو باجانەیان نەبوو کە لەسەریان کەڵەکە ببوو.
3 - دەرەبەگە فەلەستینییەکان، بە تایبەت بنەماڵەی کەسار و خووری (الكيالي، ١٩٧٣، ٥٨).

ساڵی ١٩٠٨ بزووتنەوەی سەهیۆن (نوسینگەی فەلەستین)ی لە یافا دامەزراند، ئەم نوسینگەیە بووە ناوەندی سەرەکی چالاکییەکانی نیشتەجێبوون، هاوکات بۆ ئاسانکاری کارەکانی کڕینزەوی و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان کۆمپانیای (پەرەپێدانی زەوییەکانی فەلەستین) دامەزرا، ئەم کۆمپانیایە بە پشت بەستن بە ژمارەیەکی زۆر لە دەلاڵانی عەرەب و بیانی، وە بە شێوازی جیاواز دەستی بە کڕینی زەوی کردبوو (متولي، ١٩٧٠، ٢٢٣)، لەم سۆنگەیەوە دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی فەلەستین هۆشداریانداوە کە کۆچکردنی جووەکان بۆ فەلەستین بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵی لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بە نرخێکی گرانتر (نحمانی، ٢٠١٠، ١٧).

هەر لە چوارچێوەی فرۆشتنی زەویوزار، لە ١٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩١٠ (وەزارەتی دەفتەری خاقانی- وەزارەتی تاپۆ و تۆمارکردنی زەویوزار) بۆ وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی ناردووە، ئەو زەوییانەی کە بنەماڵەکانی سەرسەق و توینی لە عەککا و قودس هەیانە بە سەنەدی پەسەندکراو دەیفرۆشنە هاوڵاتیانی بیانی، وەزارەتی دارایش بە نوسراوێک داوای کردووە بە گوێرەی بڕیارەکانی دەوڵەت لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە نیشتەجێ بوونی کۆچبەرانی بیانی لەو ناوچانە، کەچی بەرپرسانی ناوچەیی هیچ بایەخێک بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و نیزامنامانە نادەن، ئەمەش لە داهاتوودا گرفت و کێشەی مەدەنی و سیاسی لێ دەکەوێتەوە ( (٢/١) BOA;DH.I.UM, ٢٦/٤/٨)، هاوکات لە بەڵگەنامەیەکی تردا لە ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٣دا هاتووە، کە "جورجی لوتفوڵلا سەرسەق بەگ وبنەماڵەی فاهوم زادە کە بەکارهێنەری زەویوزاری سێ یەکی ناسرە و گوندی سارونەی سەر بە تەبەریان، دەستیان کردووە بە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و دەیانەوێت ئەو زەویانە بفرۆشنە سەهیۆنییەکان و بەناویان بکەن، بەڵام کاربەدەستانی ناوچەکە ڕێگری ناکەن لەوەی ئەمانە بە ناوی خوازراو زەویوزار بەدەست بهێنن ((٥/١) BOA:DH.ID, ١٦٠/٢/٢١).

لە کۆتاییدا بەشێک لە ڕۆشنبیران و جووتیاران ڕەخنەیەکی توندیان لە بنەماڵە عەرەب و فەلەستینییانە کرد کە تێوەگلابوون لە خزمەتکردنی بزووتنەوەی سەهیوندا، هەروەها سەرکۆنەی هەڵوێستی خەمساردانەی دەوڵەتی عوسمانی کرد بەرامبەر بە تۆمارکردنی زەوییەکان بە ناوی جووەکان و دامەزراوەکانیانەوە. هەر چۆنێک بێت هاتنی شەپۆلی دووەمی

کۆچی جووەکان بۆ فەلەستین بە تایبەتی لە وڵاتی ڕووسیاوە و کڕینی زەوی وزاری عەرەبەکان و نیشتەجێبونیان، بوو بە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨.

**دەرئەنجام.**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کۆچی دووەمی جووەکان هاوتەریب بوو لەگەڵ کڕینی زەوی لە فەلەستین، ئەم کردارە وەک دووڕووی یەک دراو بوون، کە خەونی لە مێژینەی گەلێکی گۆڕی بۆ واقعێکی سیاسی، هاوکات لەم پرۆسەیەدا زۆربەی دەوڵەمەندەکانی جوو بەشداریان لە تێچووی کۆچکردن و کڕینی زەوی وزار کرد. دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: کۆچی دووەمی جووەکان (١٩٠٣-١٩١٤) تەنیا گواستنەوەی جووەکان نەبوو لە ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ فەلەستین، بەڵکو بەدیهێنانی خەونێکی لە مێژینەی نەتەوەیەک بوو کە هەزاران ساڵ بوو بە پەرش و بڵاوی و دۆخێکی خراپ دەژیان.

دووەم: لەم قۆناغەدا پرۆسەی کڕینی زەوی زۆر بە شێوازێکی گونجاو دەکرا، دامەزراوەکانی بزووتنەوەی سەهیۆن توانی قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە نێو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوە بۆ کڕین و بەناوکردنی زەوییەکان.

سێیەم: جووەکان زۆر بەلێهاتووی توانیان چاوچنۆکی بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکانی لوبنان و فەلەستین بە تایبەت هەردوو بنەماڵەی (سەرسەق و توێنی) بقۆزنەوە و زەوییەکانیان بە پارەیەکی گرانتر لە نرخی خۆی بکڕن.

چوارەم: کڕینی زەوی تەنیا بەدەستهێنانی موڵک نەبوو، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ بەهێز کردنی ئابووری جووەکان و بێ بەش کردنی عەرەبەکانی فەلەستین لە زەوی و دەرکردنیان لە ناوچەکەدا.


پێنجەم: دەرئەنجامی کۆتایی کۆچکردن و کڕینی زەویوزار، بووە هۆی دروستبوونی ژێرخانێکی بەهێزی جووەکان لە فەلستین، ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩١٤ نەوەستا، بەڵکوو لە ساڵانی دواتریش و بە بەردەوامی هەبوو تاکوودامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی جوو لە ساڵی ١٩٤٨.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاشكۆی ژمارە (١)

كۆدی بەڵگەنامە: BOA: DH.MKT, 24/41 (1/2)




سەرچاوە: ئەرشیفی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی، وەزارەتی ناوخۆ، بەشی نامەگۆڕینەوە.

پاشكۆی ژماره (١)

بەرواری بەڵگەنامە: ٣٠ نیسان ١٨٩٣ز

ناوەڕۆك:

بۆ بەڕێز جەنابی سەدری ئەعزەم

١٣ شەوال ١٣١٠ (كۆچی)

١٨ نیسان ١٣٠٩ (ڕۆمی)


هەروەكوو ئاشكرایە نیشتەجێبوونی كۆچبەرانی جوو لە خاكی فەلەستین بە فەرمانی جەنابی پادیشاهی قەدەغە كراوە. بەپشتبەستن بە ئاگادرینامەی ٣ تشرینی دووەم ١٣٠٨ (ڕۆمی)ی جەنابی سەدری ئەعزەم، ویلایەتەكانی سووریا و بەیرووت و موتەسەریفییەتی قودس ئاگادار كرانەوە لەوەی هەتا هاتنی ئاگادارییەكی تر، نابێت پەڕاوی تاپۆ بدەنە فەرمانبەرانی سەنەدی تاپۆ، بۆ ئەوەی لەو شوێنانە بە ناوی خوازراوەوە زەوی بەناو نەكرێت. بەو هۆیەوە دوو داواكاری(عەریزە)مان بە هاوپێچ بۆ ناردوون كە یەكێكیان بە ناوی بارۆن ڕۆچێڵد و ئەوەی تریان بە ناوی وەكیلی كۆچبەرێكی جووە. هەروەكوو بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم ڕوون دەبێتەوە، لە یەكەمیاندا بارۆن ڕۆچێڵد داوا دەكات ئەو زەوییانەی كە پێشووتر بە ناوی خوازراو لە خاكی ناوبراو كڕیوویەتی و كێشە بۆ مامەڵاتی بەناوكردنی دروستكراوە، بەپشتبەستن بە پەیمان و بڕیارەكانی دەوڵەت دەربارەی بەناوكردنی زەوی بۆ بیانییەكان، ڕێگە بدرێت بە ناوی ئەویش بكرێت. لە دووەمیشیاندا ئەو كۆچبەرە جووانەی كە لەمەوبەر زەوییان كڕیوە و پارەكەیان داوە، سكاڵا لە ڕەفتار و ڕێگرییەكانی فەرمانبەرێتی تاپۆ دەكەن بە هۆی ئەنجامنەدانی مامەڵات و پێنەدانی سەنەدی تاپۆكانیان، داوا دەكەن بەپشتبەستن بە پەیماننامەكانی تایبەت بە بیانییەكان، سەنەدی تاپۆ بدرێتە ئەو كەسانەی كە پارەیان داوە و زەوییان كڕیوە. ئەنجامدانی كاری پێویست پەیوەستە بە بۆچوونی جەنابی سەدری ئەعزەم.

پاشکۆی ژمارە (٢)


کۆدی بەڵگەنامە:

BOA: BEO, 2153/161449 (2/2) ; BEO, 2153/161449 (2/3).

سەرچاوە: ئەرشیفی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی، ژووری بەڵگەنامەکان.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥



پاشكۆی ژماره (٢)

بەرواری بەڵگەنامە: ١٢ ئاب ١٩٠٣ز

ناوەڕۆك: بەڵگەنامەی یەكەم، لاپەڕەی یەكەم:

موتەسەریفییەتی قودسی شەریف

خامەی نووسراوەكان

ژمارە ٨

بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم

نووسراوی بەندەی بچووكە

ئیسرائیلییەكان وەكوو بنچینە و نەریتی ئایینی و دەورانی مێژوویی خۆیان، لیوای قودس و بەشێكی ویلایەتەكانی بەیروت و سووریا بە پیرۆز دەزانن و خاكی فەلەستین جێگای چاوتێبڕینی هەموو گەلی ئیسرائیلییە. هەر لە كۆنەوە جووەكان سوورن لەسەر نیشتەجێبوون و گیرسانەوە لێرە، هەروەك ئاشكرایە بیری ناسیۆنالیزم كەم و زۆر تەواوی گەلانی ئەوروپای گرتووەتەوە و بە پلەبەندی كاریگەری لەسەر جووەكانیش داناوە. ئەو سەركردە جووانەی كە كەوتوونەتە ژێر

كاریگەریی ئەم بیرە نوێیە، دەیانەوێت جووەكان لەسەر خاكێك كۆ بكەنەوە، چونكە بە شێوەیەكی پەرتەوازە لەسەر زەوی دەژین و ژمارەیان دەگاتە نۆ دە ملیۆن كەس، ئەمانە زیاتر لە ٢٥ سەدەیە هیچ مەیل و وابەستەییان بە هیچ وڵات و خاكێكەوە نییە، نزیكەی هەموویان خەریكی بازرگانی و كاری دراوگۆڕین (صراف)، زۆربەیان شارەزای پیشەوەری نین و نزیكەی كەسیشیان ئاشنای كشتوكاڵ نین، ئێستا دەیانەوێت لە شوێنێك كۆیان بكەنەوە و بە كشتوكاڵ و جووتیاری و پیشەی كشتیاری ڕایان بهێنن. لەبەرئەوەی جووەكان لە ڕووی ئایینی و مێژوویيەوە خۆیان بە وابەستەی خاكی فەلەستین دەزانن، ماوەیەكی زۆرە دەستیان كردووە بە دروستكردنی گوندی جوونشین و هێواش هێواش خەریكی فراوانكردنی ئەو گوندانەن، ئێستا جگە لە گوند، ناوی نشینگەش بەكاردەهێنن و هەوڵ دەدەن ئەو ناوە گشتگیر و ئاسایی بكەنەوە لەكاتێكدا بە هیچ جۆرێك بەكارهێنانی ئەو ناوە ڕێگەپێدراو نییە، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێك جووەكان هان دەدەن بۆ ئەوەی بۆ ئەو شوێنانە كۆچ بكەن. هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی هیچ ڕێگرییەك ناكات لەو جووانەی كە بۆ مەبەستی سەردانی دێنە ئێرە، بەڵام كۆچكردنی بە كۆمەڵی ئەوانی بۆ خاكی فەلەستین قەدەغە كردووە. بەپشت بەستن بەو فەرمانە باڵایە و هاوپێچانەی كە وەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار بە بەرواری ١٦ تشرینی دووەم ١٣١٦ (ڕۆمی) ناردوویەتی، ئەوپەڕی هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی بڕیاری قەدەغە كردنەكە جێبەجێ بكرێت. زایۆنییەكان ناوەكەیان لە "زایۆن (سیۆن)" وەرگرتووە كە ناوێكی تری قودسی شەریفە، ئەمانە هەوڵ دەدەن جووەكان وەك دەستەیەكی كۆمەڵایەتیی جیاواز بەرەو ئاژاوەگێڕی هان بدەن، پێش پێنج شەش ساڵ (لە ئابی ١٨٩٧) لە شاری بالی سویسرا كۆنگرەیەكیان بەست، دواتر لە چەند شارێكی تری گەورەی ئەوروپا وەكوو لەندەن و پاریس كۆنگرە و كۆبوونەوەیان ڕێكخست، دەیانەوێت جووەكان لە خاكی فەلەستین نیشتەجێ بكەن و ئەوانەشی كە تا ئێستا گوندیان پێكەو ناوە بە خۆشگوزەرانی بژین، خەریكی گفتوگۆ و تاوتوێكردنی فراوانكردنی ئەو شوێنانەشن، ئەمساڵیش لە كۆتایی مانگی ئاب دووبارە لە سویسرا بۆ جاری شەشەم كۆ دەبنەوە. لەو كۆنگرانەدا كۆمەڵێك بیرۆكەی هیچ و پووچ دەخرێنە ڕوو، بۆ نموونە دەڵێن بە پاڵپشتی دەوڵەتانی زلهێز بیر لەوە دەكرێتەوە كە لە خاكی فەلەستین و لە خاڵی بەیەكگەیشتنی كیشوەری ئەفریقا و ئاسیا ئیدارەیەك دروست بكرێت بەو مەرجەی هیچ گرفتێك دروست نەكرێت بۆ مافی زیارەتی ئایینی جیهانی مەسیحی بۆ ئەو ناوچەیە و بێلایەنیش بن بەرامبەر بە مەزهەبە جیاوازەكانی كرستیانەكان. هەروەها دەڵێن پێویستە لە هەمووان زیاتر پشت بە هاوكاریی حكومەتی ئینگلتەرا ببەسترێت، چونكە حكومەتی ئینگلتەرا لە هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر دەتوانێت برەو بە بۆچوونەكانی زایۆنی بدات، جووەكانی ئینگلتەراش لە هەموو شوێنێك زیاتر هاوكاری دەكرێن، ئەمەش وەك زەمانەتێك وایە. هەروەك ئاشكرایە هەردوو كەسایەتی ماكس نورداو و دكتۆر هێرچل دیارترین ئەو كەسانەن كە لە كۆنگرەكان و چاپكراوەكانی زایۆنیدا دەردەكەون. هەرچەندە بەندە نازانم بابیعالی چۆن هەستی بە پیلانگێڕیی زایۆنییەكان كردووە و ناشزانم ئایا باڵوێزخانەی ئینگلتەرا پشتیوانی ئەمانە دەكات یان نا، بەڵام لەوەتەی گەیشتوومەتە قودس،

بەوپەڕی ئاگاییەوە کێشەی جووەکانم بۆ ئەو لیوایە لەبەرچاو گرتووە، بۆ ئەوەی لەلایەك زایۆنییەکان لە قودس و یافا لایەنگری زیاتر پەیدا نەکەن و .....

بەڵگەنامەی یەکەم، لاپەڕەی دووەم:

...بیرۆکەکانیان لێرە بڵاوە پێ نەکەن، هیچ کەمتەرخەمییەکم نەکردووە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست. ئەو گوندانەی کە کاتی خۆی بارۆن ڕۆچێلد لەو ناوچەیە دایمەزراندوون و ئێستا لەلایەن کۆمەڵەی نیشتەجێکردنی کۆچبەرانی جوو ناسراو بە ئیقا (.J. C. A) بەڕێوەدەبردرێت، هەروەها کۆمپانیای یەکگرتووی نشینگە جووەکانیش ڕێوشوێنیان بەرامبەر گیراوەتە بەر، تا ئەو ئەندازەیەی بەڕێوەبەری گشتیی موڵکەکانی کۆمەڵەی نیشتەجێکردنی کۆچبەرانی جوو لە فەلەستین بەڵگەنامەی سەردانیکردنی لێ وەرگیراوە و کۆپی کراوە وەك ئەوەی لە هاوپێچدا بۆ بەڕێزتان خراوەتە ڕوو. هەرچەندە کەسێك بە ناوی پاریەنتی کە لە بەیرووت نیشتەجێیە، ماوە ماوە لەگەڵ هاوکارەکانی هەوڵ دەدەن جووەکان دزە پێ بکەن بۆ ئێرە، بەڵام تەواوی ڕێنمایی و فەرمانەکانی دەوڵەت لەبەرچاو گیراون و هەموو هەوڵێك خراوەتە گەڕ بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت بە نیشتەجێبوونی کۆچبەرانی جوو لێرە و ڕێگریش بکرێت لە هەر جووڵەیەکی نەخوازراوی جووەکان. وەك ئەوەی لە فەرمانی ١٦ تشرینی دووەمی ١٣١٦ (ڕۆمی) هاتووە: "ئەو جووە عوسمانی و بیانییانەی کە لەوەتەی ماوەیەکی زۆرە نیشتەجێ بوون و داخڵ بوونیان لێ قەدەغە نەکراوە، دەتوانن وەك هەر هاوڵاتییەکی تری خاوەن موڵك و زەوی، سوودمەند بن لە مافە قانوونییەکان بۆ دروستکردنی باڵاخانە و خانوو لەسەر موڵك و زەوییەکانیان" هەروەها "ئەو کڕیار و فرۆشیارانەی کە لە سنووری ناوچەی قەدەغەکراو موڵك و زەوی دەکڕن و دەفرۆشن، چ جوو بن چ موسڵمان و کرستیان، پێویستە بەڵێننامە پڕ بکەنەوە و بەڵێن بدەن کە موڵك و زەوییەکە چ لەناو شار بێت یان لەدەرەوەی شار، بۆ نیشتەجێکردنی ئەو جووە کۆچبەرانە بەکاری ناهێنن کە لێیان قەدەغەکراوە کۆچ بکەن بۆ خاکی فەلەستین". بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حوکمانە، ئەو جووە خۆماڵی و بیانییانەی کە لە کۆنەوە لێرە نیشتەجێ بوون، هیچ ڕێگرییەکیان نییە بۆ ئەوەی زەوی بکڕن. بەپشت بەستن بەو فەرمانە باڵایانە هیچ بیانوویەك نامێنێتەوە بۆ داواکاری و سکاڵای کونسوڵەکان. هەر بەگوێرەی ڕێنماییەکان، بەوپەڕی وردی و ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جووانە دەکرێت کە بە مەبەستی سەردانیکردن دێنە بەندەری یافا و دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. لەبەرئەوەی هێشتا هەندێك لە کونسوڵەکان دان بە ڕێنمایی ناوبراو نانێن، لە بابەتی دەرکردنی بیانییەکان کێشە دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەمتەرخەمییەك ناکرێت و بە ڕێگای گونجاو چاودێری توند ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی جووە بیانییەکان لە سێ مانگ زیاتر لێرە نەمێننەوە. هەتا ئێستا هیچ جووڵەیەك لە کونسوڵەکان نەبینراوە بۆ برەودان بە نیاز و هەوڵەکانی جووەکان لەم ناوچەیە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا کونسوڵی ئینگلیز لە قودس هاتە کۆشکی حکومەت و کەسێکی بە ناوی مسیۆ لوانتە بە بەندە ناساند و گووتی ئەوە بەڕێوەبەری بانکی ئەنگلۆ-فەلەستینە. هەرچەندە وەك



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕێزلێنانێك لە كونسوڵی ناوبراو هیچی پێ نەگووترا لەسەر ئەوەی پێشتر هەواڵی نەدابوو بەوەی كە كەسێكی تر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام دەست كرا بە لێكۆڵینەوە دەربارەی ئەو بانكەی كە لەلایەن ئەو كەسەوە بەڕێوەدەبردرێت. ئاشكرایە كە زایۆنییەكان لە كۆبوونەوەیەكی پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر باسیان لەوە كردبوو بۆ دەستەبەركردنی پێشكەوتنی جووەكان یان دەبێت ژمارەیەك كۆمپانیای كشتوكاڵی و پیشەسازی بە سەرمایەی بچووك دروست بكەن، یان دەبێت بە سەرمایەیەكی زۆر بانكێكی گەورە دروست بكەن، پرۆژەیەكیشیان ئامادە كرد بۆ ئەوەی لە ماوەی ١٥ ساڵدا ٥١٠ ملیۆن فرانك لە لایەنگرانیان كۆ بكەنەوە بۆ بانكەكە، لە ئەنجامی ئەوەشدا بە سەرمایەی دوو ملیۆن لیرەی ئینگلیزی دامەزراوەیەكی دراوگۆڕییان(صرافی) بەناوی بانكی نشینگە جووەكان دامەزراند كە ناوەندەكەی لە لەندەنە، دامەزراوەی ئەنگلۆ-فەلەستینیش لقێكی ئەو بانكەیە و بە سەرمایەی ٥٠ هەزار لیرەی ئینگلیزی دامەزراوە بۆ ئەنجامدانی مامەڵاتی دراوگۆڕی و دارایی لە قودس و یافا، ناوبراویش بەڕێوەبەری هەردوو بانكەكەیە. بەو پێیەی كە كونسوڵی ئینگلتەرا ناوبراوی هێنایە لای بەندە و پێی ناساندم، وا دیارە كەسێكی خاترگیراوە، هەرچەندە هیچ بەرهەڵستییەك بەرامبەر بە كونسوڵ نیشان نەدرا، بەڵام بە نهێنی ئاگاداركردنەوە بۆ قایمقامییەتی یافا نێردرا دەربارەی چوونی ئەو كەسە بۆ یافا و هەوڵی كردنەوەی بانكەكە، ئەمەش لەپێناو بەجێهێنانی ئەركی فەرمانبەرێتی و پاراستنی بەرژەوەندییەكانی دەوڵەت ئەنجام دراوە. بەپێی ئەو ئامانجەی كە بانكەكە بۆی دامەزراوە، ڕوونە كە كردنەوەی بانكەكە زیانبەخشە، نابێت حكومەتی ناوچەیی ڕێگە بدات بەبێ مۆڵەت بانكەكە بكرێتەوە و مامەڵات و بەدواداچوونەكانی تێپەڕ ببن، پێویستە جووڵەكانی لوانتی ناوبراو...

بەڵگەنامەی دووەم:

...بە وریاییەوە چاودێری بكرێت. چۆنییەتی ئەمانەش بە تەلەگرافنامەی ٢٢ تەمموز ١٣١٩ (ڕۆمی) بۆ جەنابی خاوەن شكۆ ڕوون كرایەوە. لەكاتێكدا بەڕێوەبەری ناوبراو بە بنچینە هاوڵاتییەكی ڕووسیە، كەچی كونسوڵی ئینگلتەرا لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نییە كە بەڕێوەبەری دامەزراوەیەكی ئینگلیزییە، ئەگەر هەتا ئێستا هەوڵەكانی زایۆنییەكان هەوڵی تایبەت بە خۆیان بووبێت، دەبێت لێرە بەدواوە هاوڕێیەتی كردنی كونسوڵی ئینگلتەرا لەگەڵ ناوبراو سەرنجمان ڕابكێشێت. لەلایەكی تر، بانكی ناوبراو زیاتر دەچێتە نێو مامەڵاتی قەرز دان بە زەویوزار، لەبەرئەوەی خەڵكی یافا زۆر پێویستییان بە پارە هەیە، بەرامبەر بەو قەرزانە زەویوزارەكانیان لە بانكەكە بە ڕەهن دادەنێن، دواتریش ناتوانن لە كاتی خۆی بیدەنەوە، بەمەش بانكەكە بە ئاسانی دەست بەسەر زەویوزارێكی گەورە دادەگرێت. بوونی دامەزراوەیەكی زایۆنی ئاوا كە متمانەی نادیارە و سەرمایەكەی سنووردارە و لەخۆڕا دەچێتە نێو مامەڵاتەوە، ڕوونە كە زیانی بۆ حكومەت و هاوڵاتیان دەبێت. ڕێگە نەدان بە كردنەوە و جێبەجێكردنی مامەڵاتی ئەو بانكەیە پەیوەستە بە فەرمانی باڵای جەنابی سەدری ئەعزەم،

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥


لەلایەن ئێمەشەوە هەموو جۆرە ڕێوشوێنێك دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ڕێگری لێ بکرێت، بەڵام ئەمە هەندێك ناكۆكی لەگەڵ كونسوڵ لێ دەكەوێتەوە، ئەگەر لەلایەن ئێمەوە نەتوانرا ناكۆكییەكە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەمودەست بۆتان دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی ڕێنماییمان پێ بدەن. لەو بارەیەوە ئەمروفەرمان بۆ حەزرەتی خاوەن فەرمانە.

٣٠ تەمموز ١٣١٩ (ڕۆمی) / موتەسەریفی قودسی شەریف

بەندە /مۆر

پاشكۆی ژمارە (٣)

كۆدی بەڵگەنامە: BOA: Y.A.HUS, 433/133 (1/1)


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

Y.A.HUS 433/133 1

سەرچاوە: سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی، كۆشكی یەڵدز، بەڵگەنامەی تایبەت.

پاشكۆی ژمارە (٣)

بەرواری بەڵگەنامە: ٢٨ ئاب ١٩٠٢ز
ناوەڕۆك:

بابیعالی
فەرمانگەی سەدری ئەعزەم
هاتووەكانی دیوانی هومایۆنی

كۆپی نووسراوی ژمارە ٦٠ی ویلایەتی بەیرووتە


هەواڵی ئەوەمان پێگەیشتووە كە كۆمەڵە ئیسرائیلییەكانی ئەوروپا لەپێناو بەدەستهێنانی خاكی فەلەستین كۆمەڵەیەكیان لە ئینگلیزەكان دروستكردووە و تەنانەت وەرگێڕی كونسوڵی ئینگلتەراپایان لە حەیفا ڕاسپاردووە بۆ كڕینی زەویوزار. هەروەكوو لە فەرمان و ئاگادارینامەی ١٧ تەممووز ١٣١٨ (ڕۆمی)ـی بەڕێز سەدری ئەعزەمدا هاتووە نابێت ڕێگە بدرێت بە ناوی خوازراوەوە زەویوزار بدرێتە جووەكان. ئەو هەواڵانەی كە نێردراون تەنها بریتین لە قسەی ڕووتی سلێمان ئەلسەلاحی حەیفایی كە بە ڕەوشتی خراپ ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێكۆڵینەوەی تەواو لەو بوارەدا كراوە و لە خوارەوە زانیاریی ورد و دروستتان بۆ دەخەینە ڕوو: بە هۆی ئەوەی جووەكان بە نهێنی ئومێدیان لەسەر خاكی فەلەستین هەڵچنیووە، ئەو زەویوزارەی كە بەهای دۆنمێكی ٥٠ قورش بێت، بۆ نموونە ئەوان بە ١٥٠ قورش دەیكڕن، خەڵكی ناوچەكەش بە هۆی هەژاری و تەماحگیرییەوە خوازیارن بە هەر جۆرێك بێت زەوییەكانیان بفرۆشنە جووەكان. بەڕێز كامل پاشای والی ئایدن كاتی خۆی زەوییەكی بە ٤٠٠ هەزار قورش لە حەیفا كڕیبوو، بۆ ئەوەی ئەم زەوییە بە ١٠ هەزار لیرە بفرۆشێتە ئەمانە، نووسەری تایبەتی خۆی ناردبووە ناوچەكە، ئەمەش ئەندازەی ئەو خواستەمان بۆ دەردەخات. ژمارەیەكی زۆری خەڵكیش لەگەڵ جووەكان ڕێككەوتوون و هەر دەرفەتێك بدۆزنەوە دژی ڕێكارە ڕێگرەكانی حكومەت، دەیقۆزنەوە و زەوی دەفرۆشنە جووەكان، بۆیە ئێستا لێكۆڵینەوە لە هەموو ئەو كڕین و فرۆشتنانە دەكرێت كە بە سەنەدی ئاسایی ئەنجام دراون. لەكاتێكدا پێویست بوو بە بڕیارێكی یەكلاكەرەوە زیاتر لە ٢٠ هەزار دۆنم زەویوزاری بارۆن ڕۆچێڵد لە ناوەوەی قەزای حەیفا بەناوی نەكرێت و لەكۆتاییشدا ڕێگری بكرێت لە نیشتەجێبوونی زیاتر لە ١٣٠ ماڵ، كەچی وا دەردەكەوێت بارۆن ڕۆچێڵد سەرباری بەڵێنەكانی، هێشتا زەویوزار دەكڕێت و خەڵكی لەسەر نیشتەجێ دەكات، بۆیە بە فەرمانی باڵای جەنابی سەدری ئەعزەم لە ٣ ئاب ١٣١٥ (ڕۆمی) ژمارە ٥٢، لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونی پێویست ئەنجام درا و ئەنجامەكەشی بە تەلەگرافنامەی ٨ تشرینی دووەم ١٣١٦ (ڕۆمی) و ١٨ كانوونی دووەم ١٣١٦ ژمارە ١٥٧ بۆتان

خرايە ڕوو. پاشان تەلەگرافنامەی ٢٥ کانوونی دووەم نێردرا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بدرێت لەسەر ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست، بەڵام هێشتا وەڵامان بەدەست نەگەیشتووە. ئەو دەرەنجامە سیاسییانەی کە لە پرۆسەی گواستنەوەی زەویوزار بۆ سەر ناوی جووەکان لە خاکی فەلەستین دەکەونەوە ڕوونن و پێویست ناکات بۆ جەنابی بیرتیژ و دووربینی بەرێزتان ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی زەویوزار بە جووەکان لێرە درێژەی پێ بدرێت، دەبێت لە ڕێگەی دەستەیەکی پسپۆڕ و متمانەپێکراوەوە ڕووپێوییەکی تەواو بۆ ئەو زەوییانە ئەنجام بدرێت کە هێشتا نەکەوتوونەتە ژێر دەستی جووەکان و لە چەند دەفتەرێکی بنچینەییدا ڕوون بکرێنەوە، چونکە ناتوانرێت مافی بەکارهێنانی زەوی (حق التصرف) لە خەڵکی بسەنرێتەوە، بەم شێوەیە دەتوانرێت بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن بە ناوی خوازراو یاخود ڕاستەوخۆ زەویی بفرۆشنە جووەکان، هەروەها دەتوانرێت ئامانجی کڕینی زەوی و زیادکردنی بۆ سەر موڵکەکانی شاهانە بەدی بهێنرێت. ئەنجامدانی کاری پێویست وابەستەی ڕەزامەندیی جەنابی سەدری ئەعزەمە.

لە ٢٤ جمادی الاول ١٣٢٠ (کۆچی) و لە ١٥ ئاب ١٣١٨ (ڕۆمی)

پاشکۆی ژمارە (٤)

کۆدی بەڵگەنامە: BOA: DH.I.UM, 26/4/8 (2/1)




DH.İ.UM.00026.00004.8.002

سەرچاوە: ئەرشیفی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی، وەزارەتی ناوخۆ، بەڵگەنامەکانی ئیدارەی گشتی.

پاشكۆی ژماره (٤)

بەرواری بەڵگەنامە: ١٣ ئەیلوول ١٩١٠ز

ناوەڕۆك:

وەزارەتی دەفتەری خاقانی

خامەی نووسراوەكان

ژمارە ٨٨

بۆ بەڕێز وەزارەتی ناوەخۆ.

بەڕێز جەنابی وەزیر

ئەو زەوییانەی كە بنەماڵەكانی سرسق و توینی لە عەككا و قودس هەیانە، لە ڕێگەی هۆبەی بەڵێندەرایەتی چیای لوبنان و هەندێك لە كونسوڵەكانەوە، بە سەنەدی پەسەندكراو(تصديق كراو) دەیفرۆشنە هاوڵاتیانی بیانی، كڕیارەكانیش لەسەر ئەو زەوییانە بینای گەورە دروست دەكەن، ئەمەش بە تەلەگرافنامەی نهێنیی ویلایەتی بەیرووت و دەفتەرداریتیی ویلایەتەكە و موتەسەریفییەتی قودس پێمان ڕاگەیەنراوە و بە هاوپێچ بۆتان نێردراوە. وەزارەتی داراییش بە نووسراوێك داوای كردووە بەگوێرەی بڕیارەكانی دەوڵەت لێكۆڵینەوە بكرێت بۆ ڕێگەگرتن لە نیشتەجێبوونی كۆچبەرانی بیانی لەو ناوچەیە. **لەكاتێكدا كە بەگوێرەی بڕیاری تایبەت و نیزامنامە بەركارەكان پێویستە:** ڕێگە نەدرێت زەویوزارەكانی هەردوو لای هێڵی ئاسنی حیجاز بە پانتایی ١٠كم لە هەر لایەك بكەوێتە ژێر دەستی كەسانی بیانی و هەر مامەڵەیەكی بەناوكردنیش لەو ڕووبەرە هەبێت ڕاپی نەكرێت. ڕێگە نەدرێت كۆچبەرانی جوو لە خاكی فەلەستین نیشتەجێ بكرێن. ڕێگە نەدرێت بەبێ مۆڵەتی باڵای جەنابی سوڵتان هیچ بینایەك لەسەر زەوییە میرییەكان دروست بكرێت، ئەو فەرمانبەرانەشی سەر بە دامەزراوە مەدەنییەكان و دەفتەری خاقانین، ئەگەر ڕێگەیان دا بەبێ مۆڵەت بینا دروست بكرێت، بەگوێرەی پلەكەیان بە بەرپرسیار دابنرێن. جگە لە فەرمانگەی دەفتەری خاقانی، هیچ فەرمانگەیەكی تری فەرمی بۆی نەبێت مامەڵاتی كڕین و فرۆشتن پەسەند(تصديق) بكات و ڕاپی بكات. كەچی بەرپرسانی ناوچەپی هیچ بایەخێك بە جێبەجێكردنی ئەو بڕیار و نیزامنامانە نادەن، ئەمەش لە داهاتوودا گرفت و كێشەی مەدەنی و سیاسی لێ دەكەوێتەوە. بەپێی قانوون، ئەگەر كونسوڵخانەكان بەپێچەوانەی مەزبەتەی تایبەت بە بەناوكردنی موڵك بە ناوی بیانییەكان هەڵسوكەوتیان كرد و سەندی ئاسایی كڕین و فرۆشتنیان پەسەند كرد بە پووچەڵ دادەنرێت، بۆیە نابێت بەپێچەوانەی حوكمەكانی تایبەت بە مەزبەتەی ناوبراو مامەڵە بكەن. پێویستە فەرمان و ئاگاداركردنەوەی پێویست بدەنە ویلایەتی بەیرووت بۆ ئەوەی ڕێگری بكرێت لە بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە و لێكۆڵینەوەی یاساییش بكرێت دەربارەی ئەو بینایانەی كە دەگووترێت بنیات


نراون و ئەوانەشی بە پێچەوانەی بڕیارەکان ڕێگەیان داوە بە دروستکردنی. پاشان زانیاری بدەنە وەزارەتی هەژارانەمان لەو بارەیەوە، بەڕێزم.

لە ٩ ڕەمەزان ١٣٢٨ (کۆچی) و لە ٣١ ئاب ١٣٢٦ (ڕۆمی)

بەناوی وەزیری دەفتەری خاقانی / یاریدەدەر

بەندە / واژوو

پاشکۆی ژمارە (٥)


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
160-2 | 21 | 5

DH.İD.00160.2.00021.005

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

سەرچاوە: ئەرشیفی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی، وەزارەتی ناوخۆ، بەڵگەنامە کارگێڕییەکان.

## پاشکۆی ژمارە (٥)

بەرواری بەڵگەنامە: ١٦ کانوونی دووەم ١٩١٣ز

ناوەڕۆک:

بابیعالی

وەزارەتی ناوەخۆ

فەرمانگەی هەواڵگری گشتی

هۆبەی دووەم

٧٣٢٥١ گشتی

٣١٦٢ تایبەتی

بۆ بەڕێز جەنابی سەدری ئەعزەم

نووسراوی بەندەی بچووکە

جورجی لوتفوڵلا سرسق بەگ و بنەماڵەی فاهوم زادە کە بەکارهێنەری(متصرف)ی زەویوزاری ثلاثة أرباع الناصرةی سەر بە ناسرە و گوندی سارونەی سەر بە تەبەریان، دەستیان کردووە بە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و دەیانەوێت ئەو زەوییانە بفرۆشنە زایۆنییەکان و بەناویان بکەن. مەبەست و ئامانجە سیاسییەکانی کۆمەڵەی ناوبراو لە خاکی فەلەستین ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام فەرمان و بڕیارە بەرکارەکان ڕێگری ناکەن لەوەی ئەمانە بەناوی خوازراو زەویوزار بەدەست بهێنن. نیشتەجێکردنی ئەو موسڵمانانەی کە لە ڕۆمەلییەوە کۆچ دەکەن لەو ناوچەیە چاکە و دەسکەوتی زۆری دەبێت و دەبێتە ڕێگریش لەبەردەم هەوڵ و هیوای زایۆنییەکان، بۆیە ویلایەتی بەیرووت بە نووسراوی ٢٠ کانوونی یەکەم ١٣٢٨ (ڕۆمی) پێشنیازی کردووە کە زیاتر لە ٢٠ هەزار دۆنم زەویوزار لە ثلاثة أرباع الناصرة بە ٦٧ هەزار و لە گوندی سارونە بە ١٢ – ١٣ هەزار لیرە لەلایەن حکومەتەوە بکڕدرێتەوە و بەشێوەی قیست بەسەر ئەو کۆچبەرانە دابەش بکرێت، نووسراوەکەش بە هاوپێچ بۆتان نێردراوە. ئەگەر جەنابی سەدری ئەعزەم ڕەزامەندی نیشان بدات، بەهاکەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو دابین دەکرێت، جێبەجێکردنی کاری پێویست وابەستەی ڕەزامەندیی جەنابی خاوەن شکۆیە. لەو بارەیەوە ئەمروفەرمان بۆ حەزرەتی خاوەن فەرمانە. لە ٨ سەفەر ١٣٣١ (کۆچی) و لە ٣ کانوونی دووەم ١٣٢٨ (ڕۆمی).

## پەراوێز

[١] - وشەی (یەشوڤ) لە زمانی عیبریدا بە مانای نیشتەجێ بوون یان کۆمەڵگا دێت، (یەشوڤی کۆن) ئاماژە بە جووەکانی فەلەستین دەکات ئەوانەی لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا فەلەستینیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵام (یەشوڤی نوێ) ئاماژە بە کۆچبەرانی نوێی جوو دەکات کە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە هاتنە فەلەستین **(الحوت، ١٩٩١، ٣٩٣)** .

[٢] - کۆمەڵکوژی کیشینیف یان کیشیناو دژی جووەکان بوو کە لە کیشیناو (کە ئێستا پایتەختی وڵاتی مۆڵدۆڤایە) ئەم کۆمەڵکوژییە لە ١٩ و ٢٠ نیسانی ١٩٠٣ ڕوویدا، بە بیانووی کوشتنی خەڵک لە ڕۆژی جەژنی فەسح دەستی پێکرد، تێیدا ٤٧ جوو کوژران و ٩٢ کەس بە سەختی بریندار بوون، هەر لەو کۆمەڵکوژییە دەست درێژی ناموس کرایە سەر ژمارەیەک ژنی جوو، هاوکات زیاتر لە ٥٠٠ کەس بە سووکی بریندار بوون و جگە لەوەی ١٥٠٠ ماڵ و دوکانی جووەکان زیانیان بەرکەوت، ئەم ڕووداوە سەرنجی جیهانی بۆ سەر ستەمی جووەکان لە ناو ئیمبراتۆریەتی ڕووسیا ڕاکێشا وای لە سەرۆکی بزووتنەوەی سەهیۆن کرد بە پلانی نیشتەجێ بوونی جووەکان لە ئۆگاندا وەک پەناگەیەکی کاتی ڕازی بێت **(علي، ٢٠٢٣، ١٥٠١- ١٥٠٧).**

[٣] - ڕەوتی کرداری: زاراوەیەکە بۆ یەکێک لە ئاراستەکانی ناو بزووتنەوەی سەهیۆن بەکار دێت، ئەم ئاراستەیە پێی وابوو کە پرسی چارەسەری دۆزی جووەکان تەنیا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەلەستین دەبێت، بە کۆمەڵ بێ یان تاکەکەسی، بە نهێنی بێت یان ئاشکرا، ئەمەش لە ڕێگەی پشت بەستن بە هاوکاری دەوڵەمەندەکانی جوو، نەوەک پشت بەستن بە وڵاتانی زلهێز، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکارییەکی زۆر کۆکرایەوە بۆ نیشتەجێ بوونی جووەکان لە فەلەستین (أبو حلبية، ٢٠١١، ٧).

[٤] - ساڵی ١٩١٢ چوارەمین خولی هەڵبژاردنی (دۆما) بە ڕێوەچوو، جووەکان ئامادە بوون دەنگ بە کاندیدێکی پۆڵەندی مەسیحی بدەن بە مەرجێک دژە جوو نەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە کاندیدی پۆڵەندییەکان لە توندڕەوەکان بوو دژە جوو بوو، بۆیە جووەکان دەنگیان پێ نەدا ئەمەش هۆکار بوو بۆ دەرنەچوونی کاندیدەکەیان، وەک تۆڵە سەندنەوە پۆڵەندییەکان لە جوو **(Dubnow, 1920, 167).**

[٥] - لە ساڵی ١٩١١دا، جوویەکی ڕووسی بە ناوی (مێندیل بەیلیس) لە شاری کیێف تۆمەتبار کرا بەوەی کوڕێکی مەسیحی کوشتووە بۆ ئەوەی خوێنەکەی لە ڕێوڕەسمی ئایینی جوودا بەکاربێنێت، دادگایکردنی (بەیلیس) بووە بابەتێکی جیهانی، هەرچەندە ناوبراو لە کۆتاییدا بێ تاوان دەرچوو، بەڵام دژە- سامییەکان (ئەوانەی ڕقیان لە جوو بوو) ناوی "بەیلیس" یان وەک نازناوێکی سووکایەتی بەکاردەهێنا **(Dubnow, 1920, 145)**

[٦] - ساڵی ١٩١٥ لە کیبۆتسی دەغانیا لە فەلەستین لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٧ پەیوەندی بە ڕێکخراوی (هاگانا)وە کردووە، بەشداری جەنگی سەربەخۆیی کردووە دژ بە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٤٨، ئەندامی شاندی دانوستکار بووە و ساڵی ١٩٥٠ وەک فەرماندەی لیوای باشوور لە سوپای ئیسرائیل دەست بەکار بووە، ساڵی ١٩٦٧ بۆ ١٩٧٣ وەزیری بەرگری وڵاتەکەی بووە. ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە **(تلمي، ١٩٨٨، ١٧٦ ؛ منصور، ٢٠٠٩، ٢٣٦).**

[٧] - هاشۆمیر، یەکەم ڕێکخراوی سەربازی جوو بوو کە لەساڵی ١٩٠٩ لە فەلەستین بۆ پاراستنی نشینگەکان دامەزرا و دواتر بووە بە ناوکی ڕێکخراوی (هاگانا)، ئەم ڕێکخراوە جووە کۆچبەرەکانی لە خۆ دەگرت، ساڵی ١٩١٩ هەڵوەشایەوە. دروشمی (بە خوێن و ئاگر یەهودا کەوت، بە خوێن و ئاگر یەهودا هەڵدەستێتەوە) یان کردبووە دروشمی خۆیان **(بدر، ١٩٨١، ١٧؛ السنوار، ٢٠٠٦، ٨).**

[٨] - بنەماڵەی (سەرسەق) یەکێکە لە دەوڵەمەندترین بنەماڵە ئۆرسۆدۆکسە یۆنانییەکانی بەیرووت، کە لە ساڵی ١٧١٢ەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. بەهۆی سامانە بێشوومارەکەیان و هەژموونی سیاسی و ئابوورییان لە

سەدەی نۆزدەهەمدا، بە (ڕۆتشیلدی ڕۆژهەڵات) دەناسران، ئەم بنەماڵەیە خاوەنی زەوییەکی زۆر بوون لە لوبنان و فەلەستین (مەرج ئیبن عامر)، هاوکات ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە فرۆشتنی ڕووبەرێکی بەرفراوان لە زەوییەکانیان بە بزووتنەوەی سەهیۆن (أبو بكر، ٢٠٠٤، ٣٩٧-٣٩٨).

[٩]- (بیکا)، کورتکراوەی (Palestine Jewish Colonization Association)- کۆمەڵەی جوو بۆ نیشتەجێکردن لە فەلەستین، ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٨٣ لەلایەن بارۆن ڕۆتشیلدەوە دامەزرا، کە ئەرکی کڕینی زەوی و هاندانی کۆچی جوولەکەکانی بۆ فەلەستین گرتە ئەستۆ، هەروەها هەستا بە وشککردنەوەی زۆنگاوەکان (صلاح الدين، ١٩٩٣، ٥٣)


## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بەڵگەنامەکان:

- ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی BOA.
- BOA; DH.MKT, ٢٤/٤١ (١/٢) ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەشی نووسراوەکان، وەزارەتی ناوخۆ.
- BOA ;BEO, ٢١٥٣/١٦١٤٤٩ (٢/٣) - ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژووی بەڵگەنامەکان.
- BOA; BEO,٢١٥٣/١٦١٤٤٩ (٢/٢) - - ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژووی بەڵگەنامەکان.
- BOA; Y.A.HUS, ٤٣٣/١٣٣ (١/١) - ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، یەڵدز، بەڵگەنامەی تایبەت.
- BOA; DH.I.UM, ٢٦/٤/٨ (٢/١)- ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، بەڵگەنامەکانی ئیدارەی گشتی.
- BOA; DH.ID, ١٦٠/٢/٢١ (٥/١)- ئەرشیفی عوسمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵگەنامە کارگێڕییەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

### دووەم: کتێبەکان:

#### أ- سەرچاوەی کوردی:

- یۆهن، سەنت ڕۆبەرت (٢٠١٦). **داود بنگۆریۆن دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل**، چ٢، وەرگێڕانی، شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

#### ب- سەرچاوەی عەرەبی:

- بدر، حمدان (١٩٨١). **تاريخ منظمة الهاغاناه في فلسطين من ١٩٢٠الى ١٩٤٥**، بيروت.
- تلمي، أفرايم و مناحم (١٩٨٨). **معجم المصطلحات الصهيونية**، ط١، ترجمة، أحمد بركات العجرمي، دار الجليل للنشر، عمان.




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

- حلاق، حسان علي (١٩٧٨). **موقف الدولة العثمانية من الحركة الصهيونية ١٨٩٨-١٩٠٩**، دار الأحد للطباعة، بيروت.
- الحوت، بيان نويهض (١٩٩١). **فلسطين- القضية، الشعب، الحضارة التاريخ السياسي من عهد الكنعانيين حتى القرن العشرين (١٩١٧)**، ط١، دار الاستقلال للدراسات والنشر، بيروت.
- ديان، موشي (٢٠١١). **قصة حياتي**، ط١، ترجمة،الحسيني الحسيني معدي، دار الخلود للنشر والتوزيع، القاهرة.
- الشرقاوي، فواز حمدان (١٩٩٦). **السكان اليهود في فلسطين دراسة في الصراع السكاني خلال القرن العشرين**، الجامعة الإسلامية،الرياض.
- الكيالي، عبد الوهاب (١٩٧٣). **تاريخ فلسطين الحديث**، ط٣، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- متولي، أحمد فؤاد (١٩٨٩). **مشكلة طابا بين الحاضر والماضي**، مكتبة النهضة العربية، القاهرة.
- منصور، جوني (٢٠٠٩). **معجم الأعلام والمصطلحات الصهيونية والإسرائيلية**، ط١، مؤسسة الأيام للطباعة والنشر، رام الله- فلسطين.
- نحماني، يوسف (٢٠١٠). **مذكرات سمسار أراضي صهيوني**، تقديم وترجمة وإعداد، إلياس شوفاني، ط١، دار الحصاد للطباعة والنشر، دمشق- سورية.
- الوعري، نائله (٢٠١٢). **موقف الولاة والعلماء والأعيان والإقطاعيين في فلسطين من المشروع الصهيوني (١٨٥٦- ١٩١٤)**، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

**ب- سەرچاوەی عیبری:**

- گرینباوم، ئیسحاق (١٩٥٦). **بزووتنەوەی سەهیۆنییەت**، ئورشەلیم.
  יצחק גרינבאום (1956), התנועה הציונית, הוצאת ההסתדרות הציונית העולמית, ירושלים.
- میئۆر، ئیسحاق (١٩٧٤). **بزووتنەوەی سەهیۆنییەت لە ڕووسیا**، کتێبخانەی سەهیۆن، ئورشەلیم
  מאור יצחק (1974), התנועה הציונית ברוסיה, ספריית ציון, ירושלים
- مەدزینی، موشێ (١٩٦٤). **سیاسەتی سەهیۆنییەت**، کتێبخانەی شیختەر، ئورشەلیم.
  משה מדזיני (1964), פוליטיקה ציונית, ספריית שבטר, ירושלים.

**ت- سەرچاوەی بیانی:**

- Ben-Zvi, Itzhak (1963). **The Exiled and the Redeemed**, Second Published, Society of American.

- Cohen, Israel (1951). **A Short History of Zionism**, Frederick Muller LTD, London.
- Dubnow, S. M (1920). **History of the Jews in Russia and Poland from the Earliest Times Until the Present today**, Vol3, The Jewish Publication Society of America, Philadelphia.
- Fishberg, Maurice (1911), **The Jews; A Study of Race and Environment**, Walter Scott Publishing Company Limited; Madisom.
- Gartner, L, P (2001), **History of the Jews in Modern Times**, Oxford University Press, London.
- Laqueur, Walter (1972). **A History of Zionism**, Schocken Books, New York.
- Monaco, C. S. (2013). **The Rise of Modern Jewish Politics; Extraordinary Movement**, third edition, Rutledge, USA.
- Sokolow, N (1919), **History of Zionism 1600 – 1918**, Vol (1), Trans; I Solomons, Longmans Green Press, London.
- Wortman, Richard (1945), **Russian Monarchy; the tsar and Empire; representation of the monarchy and symbolic integration in imperial Russia**, first edition, Academic studies press; New York.

**ج- نامهی ماستهر و دکتوراه.**

- السنوار، زكريا (٢٠٠٦). **منظمة الهاغاناه الصهيونية منذ نشأتها وحتى صدور قرار التقسيم من ١٩٢٠ الى ١٩٤٧**، أطروحة دكتوراه، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة.
- صلاح الدين، محمد ماجد السيد (١٩٩٣). **ملكية الأراضي في فلسطين ١٩١٨- ١٩٤٨**، أطروحة الدكتوراه، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية.
- أبو حلبيه، حسن عبدالله يوسف (٢٠١١). **تاريخ الأحزاب العمالية الصهيونية في فلسطين ١٩٠٥- ١٩٤٨م**، رسالة ماجستير، قسم تاريخ والآثار- كلية الآداب، جامعة الإسلامية، غزة، فلسطين.
- Barin, Buşra (2014). **The Ottoman Policy to Wards Jewish Immigration and Settlement in Palestine; 1882- 1914,** A thesis Submitted to the Graduate School of Social Sciences of Middle East Technical University.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**چ- توێژینەوە بڵاوکراوەکان.**

- علي، تيسير علي محمد (٢٠٢٣)، **أحداث كيشينيف عام ١٩٠٣م**، مجلة كلية الآداب بالوادي الجديد – مجلة علمية محكمة، المجلد (٩) العدد (١٨)، الجزء الثاني.
- أمين، أبو بكر (٢٠٠٤). **ملكيه آل سرسق فى فلسگين ١٨٦٩- ١٩٤٨م**، مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الإنسانية)، المجلد (١٨)، العدد (٢).
- محمد، وليد عبود - شفيق، عبير وفيق (٢٠١٣)، **موجات الهجرة اليهودية الى فلسطين حتى عام ١٩٤٨م**، مجلة مداد الآداب، العدد (٦)، كلية التربية- ابن الرشد، جامعة بغداد.
- Budnitskii, Oleg (2008), **The Jews and revolution; Russian perspectives, 1881-1918, East European Jewish Affairs**, Vol (38), No (3).
- Horowitz, Brian (1930**); Crystallizing Memory; Russian-Jewish intelligentsia a broad and forms of self-projection**, Vol. 11, Academic studies press; NO. 43, USA.

**ح- ڕۆژنامە:**

- **جريدة فلسطين**، العدد (٢٦١)، ٩ تموز ١٩١٣.

List of sources:
First, the documents:
-Ottoman State Archive BOA
٢٤/٤١ (١/٢) -BOA; DH.MKT, Ottoman Archives Presidency of the Council of Ministers, Department of Inscriptions, Ministry of Interior.
٢١٥٣/١٦١٤٤٩ (٢/٣) -BOA ;BEO, - Ottoman Archive of the Presidency of the Council of Ministers, Documents Room.
٢١٥٣/١٦١٤٤٩ (٢/٢) -BOA; BEO,- - Ottoman Archive of the Presidency of the Council of Ministers, Documents Room.
٤٣٣/١٣٣ (١/١) -BOA; Y.A.HUS, - Ottoman Archives Presidency of the Council of Ministers, Yildiz, Special Documents.
٢٦/٤/٨ (٢/١) -BOA; DH.I.UM,- Ottoman Archives Presidency of the Council of Ministers, Ministry of the Interior, Public Administration Documents.
١٦٠/٢/٢١ (٥/١) -BOA; DH.ID,- Ottoman Archives of the Presidency of the Council of Ministers, Administrative Documents of the Ministry of the Interior.
Second: Books:

A - Kurdish Source:

-John, St. Robert (2016). David Ben-Gurion, Founder of the State of Israel, Vol. 2, translated by Shafiq Haji Khadr, Rojhelat Printing House, Erbil.

b) Arabic source:

-Badr, Hamdan (1981). The History of the Haganah Organization in Palestine from 1920 to 1945, Beirut.

-Talmi, Ephraim and Menachem (1988). Dictionary of Zionist Terms, 1st ed., translated by Ahmad Barakat al-Ajrami, Dar al-Jalil Publishing, Amman.

-Hallaq, Hassan Ali (1978). The Ottoman State's Stance on the Zionist Movement 1898-1909, Dar al-Ahad Printing, Beirut.

-Al-Hout, Bayan Nuwayhid (1991). Palestine - The Cause, the People, the Civilization, and Political History from the Canaanite Era to the Twentieth Century (1917), 1st ed., Dar al-Istiqlal for Studies and Publishing, Beirut.

-Dayan, Moshe (2011). My Life Story, 1st ed., translated by al-Husseini al-Husseini Maadi, Dar al-Khuloud for Publishing and Distribution, Cairo.

-Al-Sharqawi, Fawaz Hamdan (1996). The Jewish Population in Palestine: A Study of the Demographic Conflict During the Twentieth Century, Islamic University, Riyadh.

-Al-Kayyali, Abdul Wahab (1973). A History of Modern Palestine, 3rd ed., Arab Foundation for Studies and Publishing, Beirut.

-Mutawalli, Ahmed Fouad (1989). The Taba Problem: Between the Present and the Past, Arab Renaissance Library, Cairo.

-Mansour, Johnny (2009). A Dictionary of Zionist and Israeli Figures and Terms, 1st ed., Al-Ayyam Foundation for Printing and Publishing, Ramallah, Palestine.

-Nahmani, Youssef (2010). Memoirs of a Zionist Land Broker, Introduction, Translation, and Editing by Elias Shoufani, 1st ed., Dar Al-Hasad for Printing and Publishing, Damascus, Syria.

- Al-Waari, Na'ila (2012). The Position of Governors, Scholars, Notables, and Feudal Landowners in Palestine Regarding the Zionist Project (1856-1914), Arab Foundation for Studies and Publishing, Beirut.

C. Master's and Doctoral Theses

-Al-Sinwar, Zakaria (2006). The Zionist Haganah Organization from its Inception until the Partition Plan, 1920-1947. Doctoral dissertation, Institute of Arab Research and Studies, Cairo.

-Salah al-Din, Muhammad Majid al-Sayyid (1993). Land Ownership in Palestine, 1918-1948. Doctoral dissertation, College of Graduate Studies, University of Jordan.

- Abu Halabiya, Hassan Abdullah Yusuf (2011). The History of Zionist Labor Parties in Palestine, 1905-1948. Master's thesis, Department of History and Archaeology, Faculty of Arts, Islamic University, Gaza, Palestine.

(f) Published studies.

-Ali, Tayseer Ali Muhammad (2023), The Events of Kishinev in 1903, Journal of the Faculty of Arts, New Valley University – A Refereed Scientific Journal, Volume (9), Issue (18), Part Two.

-Amin, Abu Bakr (2004). The Sursock Family's Property in Palestine 1869-1948, An-Najah University Journal for Research (Humanities), Volume (18), Issue (2.(

- Muhammad, Walid Aboud - Shafiq, Abeer Wafiq (2013), Waves of Jewish Immigration to Palestine until 1948, Madad Al-Adab Journal, Issue (6), College of Education - Ibn Rushd, University of Baghdad